Article

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 118 – 143
http://www.ijoks.com

# Morphological processes and Active/passive Derivational morphemes in producing and deriving novel linguistic data

***Faruq Omar SDIQ*[1] *& Mustafa Raza MUSTAFA*[2]**

**Received:** Oct 09, 2017 **Reviewed:** Dec 02, 2017 **Accepted:** Dec 05, 2017

## Abstract

This paper entitled "Morphological processes and Active/passive Derivational morphemes in producing and deriving novel linguistic data" is an attempt to investigate the activeness of a certain group of Derivational morphemes in Kurdish language which are the derivative suffixes of group nouns of cluster morphemes: place nouns and profession nouns.

Another important aspect of this research is that it depends on data and statistics for investigating the active/passiveness of those morphemes used as a sample in the research. Besides, it has followed a new linguistic method which is Generative linguistics.

As for the structure of the research, apart from introduction and conclusion, it consists of two parts. The first part deals with explaining morphological processes and the role of Derivational morphemes in enriching the lexicon. The second part takes as a sample the Derivational morphemes of the two group morphemes (derivative morphemes of place nouns and derivative morphemes of profession nouns). Both concepts of active and passiveness are explained with regard to the two cluster morphemes.

[1] Prof. Dr., Department of Kurdish Language, School of Language, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region - Iraq. E.mail: Faruk.sadiq@univsul.edu.iq

[2] Asst Lecture. , Department of Kurdish Language, School of Language, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region - Iraq.. E.mail: Mustafa.mustafa@charmouniversity.org

[2] Asst Lecture. , Department of Kurdish Language, School of Language, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region - Iraq.. E.mail: Mustafa.mustafa@charmouniversity.org

**Key words:** Morphological process, Active, Passive, Morpheme of place, Morpheme of profession.

**Recommended citation:** Raheem, K.J. (2018). The Role of First Language on The Second Language Acquisition. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (1), 118 – 143, DOI: **10.21600/ijoks.383390**

## پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکان

## لە بەرهەمهێنان و داڕشتنی داتای نوێی زمانییدا

**پ.د. فاروق عومەر سدیق خوێندکاری دکتۆرا: مستەفا ڕەزا مستەفا**

**زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان – بەشی زمانی کوردیی**

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە، کە لەژێر ناونیشانی " **پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکان لە بەرهەمهێنان و داڕشتنی داتای نوێی زمانیید ا**"دایە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی چالاکیی و سستیی پۆلێکی دیاریکراو لە مۆرفیمە بەندە فەرهەنگی یەکانی زمانی کوردیی ، کە ئەوانیش (پاشگرە داڕێژەکانی پۆلەڕەگەزی ناو – هەردوو چەپک/پۆلە مۆرفیمی (ناوی شوێن و ناوی خاوەن پیشە)ن ).

توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی (بینا/هەیکەل)ەوە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە لە بەشی یەکەمدا هەوڵدراوە قسە لەسەر پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بە گشتی و ڕۆڵ و گرنگی مۆرفیمە بەندەکان لە زەنگینکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا بە تایبەتی بکرێت، هاوکات لە بەشی دووەمدا هەردوو پۆلە مۆرفیمی داڕێژی ناوی شوێن و ناوی خ اوەن پیشە یەک بەیەک خراونەتەڕوو ، باسی چالاکیی و سستیی یەک بەیەکیان و لایە نی سیمانتیکی هەر مۆرفیمێکیان و گرنگترین فاکتەرەکانی چالاکیی و سستیی هەر یەکێکیان خراوەتەڕوو[3]، لە کۆتاییشدا هەر پۆلە مۆرفیمێکیان، کە لەسەر بنەمای هاوچەمکی پۆلکراون بە ژمارەو ڕێژەی سەدیی ڕێژەی چالاکیی و بەرهەمدارییان خراوەتەڕوو، واتە زمانی ژمارەو ئامار پێمان دەڵێت، کام مۆرفیمەیان چالاکەو کامیان سست و ناچالاکە.

هاوکات ڕێبازی توێژینەوەکەشمان، ڕێبازی پەسنی شیکارییەو هەوڵمانداوە قسەو بەڵگەکانمان بە ژمارەو ئامار شیبکەینەوەو بیخەینەڕوو . هەروەها لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (بەرهەمهێنان) بە بنەما وەرگیراوە، چونکە ویستوومانە ئەوە بخەینەڕوو، کە چۆن زمانەکەمان لەسەر بنەمای چەند مۆرفیمێکی بەند لە شێوەی پاشگردا دەتوانێت دەیان وشەو ناو بۆ فەرهەنگی زمان ڕۆبنێت و هەڵی بگوازێت، لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بە زمانی (ئینگلیزی) خراوەتەڕوو.

---

[3] هەردوو زاراوەی (چالاکیی Activity، سستیی Passivity)، لەم توێژینەوەیەدا، بە مەب ەستی دەرخستنی ڕێژەو ڕادەی بەکارهێنانی مۆرفیمەبەندە فەرهەنگییە دەستنیشانکراوەکان لەگەڵ زۆرترین بناغەدا لە ڕووی داتاو ژمارەوە کاری لەسەرکراوە، کە زاراوەکانی: (بەرهەمداریی و بەپێزیی و توانای چەندجارەبوونەوەش ) دەچنە ئەم خانەیەوە، بەڵام ئێمە بۆیە زاراوەی (چالاکیی و سستیی)مان بە گونجاو زانیوە، چونکە بنەمای بەکارهێنانی هەر یەکێک لە ئەندامانی ئەو دوو پۆلە مۆرفیمە بە بنەڕەت وەرگیراون، واتە مادام ئێمە بنەمای (بەکارهێنان)مان بە بناغە وەرگرتووە، بۆیە لەگەڵ (بەکارهێنان)دا زاراوەکانی (چالاکیی و سستیی )، گونجاوترە، کە لە کۆتاییدا ئەو مۆرفیمە بەندانەی بەشداریی زیاتریان لە داڕشتنی وشەی نوێدا هەیە، واتە چالاکترن لە بەکارهێناداو توانای دووبارەبوونەوەیان زیاترە، بە پێچەوانەشەوە، ئەو مۆرفیمە بەندانەی، کە بەشداریی کەمتریان لە داڕشتنی وشەی نوێدا هەیە، واتە سستترن و توانای دووبارەبوونەوەیان کەمترە.

**- دەروازە:**

زمان وەک دیاردەیەکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ و گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵ بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان، یاخود لە جووڵەدایە، جووڵەکەشی بە ئاڕاستەی جووڵەی کۆمەڵ و ئاخێوەرەکانی لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەدان، چونکە بە چالاکیی و گەشەو نەشونومای تاک وکۆمەڵ بێگوم ان زمانی ئاخاوتن و نووسینی ئەو کۆمەڵەش لە گەشەو نەشونومادا دەبێت و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە . هەر لەبەر ئەمەشە، کە دەڵێین زمان دیاردەیەکی دانەبڕاوە لەو کۆمەڵەی، کە پێی دەئاخڤێ، هەربۆیە بە گۆڕانی ژیان و ژیاریی تاک و کۆمەڵ، بێگومان زمانیش دەبێت بگۆڕێت، چونکە ژیان لە قۆناغی سەرەتایی و سادەیی و ئاسانییەوە بە ئاڕاستەی ئاڵۆزیی و ناسادەیی و گرانی هەنگاوی هەڵگرتووە لە هەموو ئاستەکانی : (جڤاکی، ڕامیاریی، ئایینی، کەلتووریی، ئابووریی، ڕۆشنبیریی، زانستی، تەکنیکی و ...هتد)، هەربۆیە زمان بۆ دەربڕینی کۆی ئەو گۆڕانکارییە خێراو لەناکاوەی نێو بوارە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤەکان پێویستی بە کەرەستەو وشەو دەربڕاوی نوێ هەیە، واتە پێویستی بەوەیە، کە فەرهەنگەکەی بەرگێکی نوێ بکاتە بەری خۆی و بتوانێت لەو ئاستەدا بێت، کە پێویستییە زمانییەکانی قسەکەرو بەکاربەرەکانی پڕبکاتەوە، بێگومان ئەوەش دەزانرێت، کە مرۆڤ نە کات، نە تواناو حەوسەڵەی ئەوەی هەیە، کە دابنیشێ و بۆ هەر دیاردەو پێشهاتێکی نوێ وشەیەکی نوێ (ناوێکی نوێ)ی بۆ بدۆزێتەوە، هەربۆیە پەنادەباتەبەر ڕێگەو ڕێچکەی تر، بۆئەوەی بتوانێت لە کەمترین ماوەو بە کەمترین وزەو تێچوون زۆرترین بیرەکانی دەرب ڕێت و پێداویستییە زمانییەکانی پڕبکاتەوە، لەم ڕووەشەوە ڕێگەو ڕێباز ەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ زۆرو جۆراوجۆرن، بەڵام بەهاو تواناو دەستڕۆیشتوویی ڕێگەکان جیاوازن، لەم ڕووەوە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی (لێکدان و داڕشتن)، دوو پرۆسەی گرنگی زەنگینکردنی فەرهەنگی زمانن، هەر لەبەر ئەو ڕۆڵ و گرنگییەشە ئێمە دەمانەوێت، لەم توێژینەوەیەدا باسی دوو چەپکە مۆرفیمی گرنگ لە زمانەکەماندا بکەین، کە ڕۆڵێکی دیاریان هەیە لە (ڕۆنان و هەڵگواستن)ی ناودا، کە ئەو دوو چەپکە مۆرفیمەش بریتین لە (پاشگرە داڕێژەکانی ناوی شوێن و ناوی خاوەن پیشە )، د یارە ئەوەش ڕوونە، کە بۆیە ناومان هەڵبژاردووە، چونکە پۆلەڕەگەزی ناو لە پاڵ پۆلەڕەگەز/کەتیگۆری کرداردا دوو پۆلی بنەڕەتیی و سەرەکیی فەرهەنگی بنەڕەتیی هەموو زمانێکن لە نێویشیاندا فەرهەنگی زمانی کوردی، هەروەها بە حوکمی کەمی کات و دیاریکراوی سنووری ئەمجۆرە توێژینەوانە، ئێمە تەنها پرۆسەی ڕۆنان و داڕشتنی ناو دەخەینەڕوو و کاری لەسەردەکەین، بۆ زیاتر ئەزموونبەندکردنی کارەکەمان و بەدەستەوەدانی نموونەو ئەنجامی بابەتیی تەنها کارمان لەسەر چالاکیی و سستیی دوو (چەپک/پۆل)ە مۆرفیم کردووە، کە ئەوانیش مۆرفیمە داڕێژەکانی (ناوی شوێن و ناوی خاوەن پیشە)ن، ئەمە جگە لەوەی ئێمە دەزانین جگە لەم دوو (چەپک/گرووپ)ە پاشگرە بۆ داڕشتنی ناو، چەندین پاشگری ترمان هەیە، کە هەم لە شێوەی (چەپک/پۆل)دا وەک پاشگرەکانی : (ناوی بچووککراوەو ناوی ئەبستراکتی)، هەم لە شێوەی تاک تاک و چەند دانە پێکەوەدان، هاو کات ئەوەش ڕوونە، کە پێشگریشمان لە زمانەکەماندا هەیە، کە ڕۆڵیان لە داڕشتن و هەڵگواستنی ناودا هەیە، بەڵام وەک ئاماژەمانپێدا لەبەر کەمی کات و کورتی و بەرتەنگی ماوە و دیاریکراوی سنووری ئەمجۆرە توێژینەوانە بۆیە ئەوەندەمان بە شیاو زانی بۆ بە دەستەوەدانی ئەنجامی پێویست، هاوکات جگە لەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان بۆکراوە، لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی هەردوو پۆلە مۆرفیمی ناوی شوێن و ناوی خاوەنپیشە دا، هۆکارو فاکتەرێکی بنەڕەتیی بە لای

ئێمەوە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دوو گروپە مۆرفیمەو هەڵاوێرکردن و سنورکێشان بە دەوری ئەم دووا نەیانداو قسەکردن لەسەریان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و گرنگی ئەم دوو گروپە مۆرفیمە لەناو کەتیگۆریی ناودا لەچاو گروپە مۆرفیمە داڕێژەکانی تری ناو، کە ئەویش ئەوەیە، چ مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی شوێن و چ مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی خاوەنپیشە، جێگەیەکی گرنگیان لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، چونکە ئەو وشەو داتا زمانییانەی، کە ئەم دوو پۆلە مۆرفیمە بەندە ڕۆیدەنێن ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوەو مرۆڤی کوردزمان لە ڕووی بەکارهێنان و مامەڵەکردنی بە وشەی زمانییەوە، زیاتر وشە داڕێژراوەکانی ئەم دوو گروپەیان بەکاردەهێنێت لەچاو بەرهەمی گروپە دا ڕێژەکانی تری ناو، بۆ نموونە چەمکی شوێن بەشێوەیەکی گشتی چەمکێکی گرنگە بە نسبەت مرۆڤەوە لەبەرئەوەی پەیوەستە بە شوێنی پاراستنی و ژیانی و مانەوەیی و پشوودانی و گەشەکردنییەوە، هاوکات چەمکی کارکردن و پیشەش بۆ مرۆڤ زۆر گرنگە، چونکە ئەم چەمکەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بژێوی و دابینکردنی ئاسایشی خۆراکیی و زیندەگیی و مەعیشەت و گوزەرانییەوە، واتە بنەمای (پاراستن) بۆ شوێن و (گوزەران)ی بۆ پیشە، فاکتەرێکی گرنگن بۆئەوەی مرۆڤ لە بەکارهێنانی زمانییدا، ئەو وشانە زیاتر بەکاربهێنێت، کە بە پاشگرە داڕێژەکانی چەمکی شوێن و چەمکی پیشە ڕۆنراون.

هەربۆیە هەڵبژاردنی ئەم دوو دەستە مۆرفیمەمان بە گرنگتر زانیوە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارەکەمان و نەمانویستووە توێژینەوەکەش لەمە زیاتر درێژتر بکەینەوە، چونکە قسەکردن لەسەر هەموو پۆلە مۆرفیمە بەندەکانی کەتیگۆریی ناو، چ پاشگرو چ پێشگرەکان کاتێکی زۆری دەوێت، بۆیە کورد وتەنی (مشتێک نموونەی خەروارێکە)، ئێمەش بەو هیوایەین بتوانین ئەم جۆرە کارەمان ببێتە هەنگاوێک لە کۆی ئەو هەنگاوانەی، کە توێژەرانی کورد لەسەر کەرەستە خاوەکانی زمانەکەیان (زمانی کوردیی) دەینێن و دەیانەوێت ڕۆڵ و چالاکیی و تواناو پێزی زمانە کەمان ئاشکرابکەن، تا ئێمەش لەمڕووەوە بتوانین بەردێک بخەینە سەر بینای زمانی کوردیی، یاخود مەڵۆیەک بخەینە سەر شارای زمانەکەمان.

### ١/١ پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان: Morphological Proses

پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا بەشێوەیەکی گشتی هەردوو پرۆسەی وشەدروستکرد ن (compounding and derivation)و فۆرمە وشەدروستکردن (Inflection) دەگرێتەوە. واتە " پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا بریتین لە پرۆسەی وشەداڕشتن، کە هەڵگواستن و لەیەکدان دەگرێتەوە، هەروەها مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە، کە لە سینتاکسدان. (نەرمین عومەر:٢٠١٠: ٣٢).



کەواتە وەک لە هێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بۆ هەردوو پرۆسەی (وشە دروستکردن) و (فۆرمە – وشە دروستکردن )، جیاکراونەتەوە، یەکەمیان (وشە دروستکردن )، هەردوو پرۆسەی (وشە داڕشتن/هەڵگواستن) و (لەیەکدان)، دەگرێتەوە.

**یەکەم/ پرۆسەی وشەداڕشتن (derivational proses):** لە مۆرفۆلۆژیدا بریتییە لە دروستکردنی وشەی نوێ بە زیادکردنی گیرەک ەکان بۆسەر وشە و بناغەکانی تر، هاوکات جاری وایە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا پۆلی ئاخاوتن /پۆلەرەگەزی وشەکان دەگۆڕێت، یاخود لەوشە پۆلی ئاخاوتنی وشەکە نەگۆڕێت . کەواتە " ئەرکی سەرەکیی پرۆسەکانی وشە هەڵگواستن، ئەوەیە، کە ئەو توانایە بە بەکارهێنەرانی زمان بدات، لێکسێمی نوێ بەرهەمبهێنن، کە بۆ پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان دەگەڕێنەوە . وەک ناو، کردار، ئاوەڵناو." (نەرمین عومەر: ٢٠١٠: ٣٣). واتە ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە ڕۆنان و داڕشتنی داتای نوێی زمانیی (وشەی فەرهەنگیی)، دیارە داڕشتن و دروستکردنی وشەی فەرهەنگیش لەم پرۆسەیەدا لە ڕێگەی (گیرەک – Affixes)ەکانەوە دەبێت، کە لە شێوەی (پێشگر – prefix)، (پاشگر – suffix)، (ناوگر – infix)....دا دەبێت. هەر لەبارەی پرۆسەی دروستکردنی وشەو ڕۆنانییەوە زمانەوانی ڕووس (ئالفرینکۆ) پێی وایە، کە دروستکردنی وشە (بیناکردنی وشە)، دوو لقی کار لە یەککردووی زمانناسی لێیدەکۆڵێتەوە، کە ئەوانیش: ١- وشەسازیی، ٢- مۆرفیمیکایە، یەکەمیان مەکینەی ڕۆنانی وشەیە، واتە میکانیزمەکەیەو وەسیلەی ڕۆنانی وشە بەشێوەیەکی سەرەکی مۆرفیمییە، واتە ستراکچەری مۆرفیمیی وشە بە میکانیزمی وشەسازیی لێکدەدرێتەوە، بەڵام دووەمیان (مۆرفیمیکا)، دەچێتە جیهانی واتا (مەعنا)وەو لێکۆڵینەوە لەلایەنی واتایی کەرەسە زمانییەکان دەکات، هاوکات پەیوەندیی چەمکیی وشەکان لەگەڵ یەکترداو کۆبوونەوەیان لە دەوری یەک ناوەند/چەق لەسەر بنەمای پەیوەندیی هاوچەمکیی و نزیکی واتایی لە نێوانیاندا دەبێت . هەروەها هەر سەبارەت بە مۆرفیمە بەندەکان و چالاکیی و ئەکتیڤییەتی کەرەسە زمانییەکان پێی وایە لە ڕێگەی بەرهەمەکەیەوە دەردەکەوێت و دەپێورێت، کە لەمڕوانگەیەشەوە بەرهەمداریی و چالاکیی و سستیی مۆرفیمەکانی بەم فاکتەرانەوە بەستووەتەوە: (ئالفرینکۆ:٢٠١٢: ٢٧٢).

١- فاکتەری گۆڕان: هەموو مۆرفیمێکی بەند، کە چالاکە یان ناچالاکە فیچەری گۆڕانە کە حوکمی بەسەردا دەدات، هەروەها مۆرفیمە بەندەکانیش سەرەتا سەربەخۆ بوونە پاشان بەرەو بەند ڕۆیشتوون و ئاخێوەری زمانیش بێگومان بە بەندیی دەتوانێت زیاتر سوودیان لێوەربگرێت، بۆ نموونە مۆرفیم یکی وەک /-گە/، کە دەربڕی چەمکی شوێنە، سەرەتا مۆرفیمێکی سەربەخۆ بووە و بەواتای شوێن هاتووە، بەڵام دەبینین لە ئێستادا بە بەندیی زۆر چالاکەو یەکێکە لە مۆرفیمە چالاکەکانی دەربڕی چەمکی شوێن.

٢- فاکتەری دەنگیی: ئەمیش یەکێکی ترە لە فاکتەرەکانی چالاکیی و سستیی مۆر فیمە بەندەکان و هەروەها گۆڕانی دەنگەکان و لایەنی برگەسازیی و تۆن و مۆسیقای دەنگەکان و ئاوازە، لەم ڕووەوە ڕۆڵی بنەڕەتییان هەیە، واتە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی فاکتەرێکی پاڵپێوەنەرن بۆئەوەی کام مۆرفیمی بەند چالاک بێت و کامیان سست و ناچالاکو بەرەو پاسیڤی بڕوات . بۆ نموونە مۆرفیمی بەندی /-گە،-گا/، کە دەربڕی چەمکی شوێنە لە بنەڕەتدا وشەیەکی سەربەخۆبووەو بە واتای شوێن هاتووە، (گاثوا > گاث > گا > گە)، بەڵام بە پێی قۆناغە جیاوازەکان ئەم وشەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو تووشی گۆڕانی دەنگیی بووەو لە ئێستادا بە هەردوو فۆڕمی /-گە، -گا/، لە زمانی کوردیدا هەیەو مۆرفیمێکی بەندی چالاکە لە ڕۆنان و داڕشتنی وشەی نوێدا، پێویستە ئەوەش بڵێین شێوەی /-گە/، زیاتر بەکاردێت و نەرمیی زیاتری تیایە، هەم لەڕووی ئاوازو مۆسیقای

وشەکەوەو هەم لە ڕووی پاراستنی وزەشەوە، ئەمە جگە لە هاوبێژیی فۆرمی /-گا/، لەگەڵ ناوی ئاژەڵی (گا)دا، کە ئەم فۆرمەیان تا ڕادەیەک وەک تابووی لێهاتووە لە ڕووی جوانی دەربڕینەوە، بۆیە فۆرمی /-گە/ لە شانکێدایە لەگەڵیداو سەرکەوتووشبووە، بۆ نموونە وەک : (فێرگە، فێرگا*، فڕگە، فڕگا*، ڕێژگە، ڕێژگا*، ژینگە، ژینگا*، .....&).

٣- فاکتەری واتایی: دەوری ناوەڕۆکی واتایی مۆرفیمەکان یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی، کە چ مۆرفیمێک لەگەڵ کام بناغەیەدا دەگونجێت و کام بناغانە هەڵدەبژێرێت و گونجاوی و لەباری لەگەڵ چ جۆرە وشەو بناغەیەکدا هەیە، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین بڵێین (نووسینگە)، بەڵام ناتوانین بڵێین (نووسیندان*، نووسینستان*، نووسینەڵان*...&)

کەواتە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بەڕێگەی مۆرفیمە بەندە داڕێژەکان ئەوەی لە زمانی کوردیدا گرنگە و لە کاردایە بریتییە لە گیرەکەکانی پێشگر و پاشگر، کە بە پێی شوێنیان پێش و دوای بناغە دەگرن و وشەی نوێ دادەڕێژن و لەڕووی چالاکیی و سستیشەوە بێگومان هەر یەکێ لەو هۆکارانەی لای (ئالفرینکۆ) خستمانەڕوو، کاریگەریی خۆیان هەیە. هەربۆیە لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی یاساکانی وشەدارشتن دەخەینەڕوو، کە بریتین لە:

١– پێشگر + بناغە = وشەی داڕێژراو..... ڕاگر، بەهێز، هەڵهاتن،....&

٢– بناغە + پاشگر = وشەی داڕێژراو..... کوردستان، خواردنەوە، توکن، ...&

٣– پێشگر + بناغە + پاشگر = وشەی داڕێژراو.... هەڵگرتنەوە،...&

دیارە ئەم یاسایانەش لە ڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە هەموویان وەک یەک نین و جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە یاسای یەکەم (پێشگر + بناغە)، لە ڕۆنانی کرداردا یاسایەکی بەرهەمدارو چالاکە، هاوکات یاسای دووەم لە ڕۆنانی ناو، ئاوەڵناودا بەرهەمدارو چالاکە. هەروەها بەگشتی یاسای یەکەم و دووەم لە یاسای سێیەم، کە (پێشگر + بناغە + پاشگر)ە، چالاکترن و یاسای سێیەم کەمتوانایە لە ڕۆنانی وشەی نوێی فەرهەنگییدا. تەنانەت چالاکیی و بەرهەمداری لە نێوان گیرەکە داڕێژەکانی یەک کەتیگۆریشدا هەیە، بۆ نموونە لە داڕشتنی ناوی داڕێژراودا، کە دەلالەت لە چەمکی شوێن بکات گیرەکی /–گە/، بەبەراورد بە گیرەکی /–ەڵان/، زۆر چالاک و بەرهەمدارە، هەربۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا گرنگترین ئەو چەپکە پاشگرە داڕێژانەی پۆلەڕەگەزیی ناو بخەینەڕوو، کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە لە دەوری یەک چەمک کۆدەبنەوە، بۆیە دوو دەستە مۆرفیمی سەرەکی، لە پاشگرە داڕێژەکانی کەتیگۆریی ناو هەڵدەبژێین و دەیکەینە نموونەی کارەکەمان، کە ئەوانیش : ( ١- پاشگرە داڕێژەکانی ناوی شوێن، ٢- پاشگرە داڕێژەکانی ناوی خاوەنپیشە،)ن، هاوکات بۆ دەرخستنی چالاکیی و سستیی هەریەک لە دانە مۆرفیمەکانی کە لە دەوری چەمکێکی دیاریکراو کۆدەبنەوە لە ڕێگەی خستنەڕووی ژمارەو ئامارەوە قسەکانمان پشتڕاستدەکەینەوە . واتە لەم کارەماندا پرۆسەی داڕشتن و ڕۆنانی پۆلەڕەگەزی ناو لە ڕێگەی یاسای (بناغە + پاشگر)ەوە دەخەینەڕوو:

ئاشکرایە پۆلەڕەگەزیی ناو سنورێکی فراوانیی لە گەنجیی وشەکانی زمانی کوردیدا داگیرکردووە، هەربۆیە پرۆسەی داڕشتن و دروستکردنی ناو پرۆسەیەکی گرنگ و دیاری نێو مۆرفۆلۆژیای زمانی کوردییە. لەمڕووەشەوە مۆرفیمە بەندە داڕێژەکان (فەرهەنگییەکان) ڕۆڵێکی گرنگیان لە دەوڵەمەندکردن و زەنگینکردنی گەنجی وشەکانی زمانی کوردییدا هەیە . دیارە لەم ڕووەوە زمانی کوردی وەک زۆربەی

زمانەکانی تر سوود لە پرۆسەی دارشتنی وشەی نوێ لە ڕێی بەکارهێنانی مۆرفیمە بەندەکانەوە دەبینێت لە پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەری زمانەکەدا، واتە پرۆسەی دارشتن بۆخۆی پرۆسەیەکی گرنگ و چالاکی زمانی کوردییە و مەودایەکی فراوانی داگیرکردووە، بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێی زمانیی لەم ڕێگەیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بەقەدەر پرۆسەی لێکدان چالاک و بەرهەمداربێت. واتە " لە ڕووی بەرهەم و تواناوە، سازکردنی وشە بە هۆی گیرەکەوە لە پلەی دووەمدا دێت و لە پلەی یەکەمدا لێکدانە ." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ٩٩).

کەواتە گیرەکەکانی زمانی کوردی، کە خۆیان لە (پێشگر و پاشگر)دا دەبیننەوە، دەتوانین بڵێین کەرەسەی گرنگ و پێویستی زمانەکەن و ئاخێوەری کورد ناتوانێت دەستبەرداریان بێت، چونکە ناکرێت بۆ هەموو دیاردە و شتێکی نوێ ناوێکی نوێی لێ بنرێت، یاخود وشەیەکی بۆ بخوازرێت، کەواتە پرۆسەی (وشە دارشتن/هەڵگواستن)، یەکێکە لە ڕێگە گرنگەکانی پرۆسەکانی وشە دروستکردن، چونکە " وشەی نوێ لە ڕێگەی پرۆسەکانی وشەدروستکردنەوە دێنەئاراوە . بەبەرهەمیی هەر یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی خۆی لەمەدا دەنوێنێت. خۆ دەیشزانرێت، کە سەردەمی وشەی یەک – مۆرفیمی کەم یان زۆر بەسەرچووەو هێمادانان ڕێچکەی تری گرتۆتەبەر." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ١٠)، بێگومان پرۆسەی وشە هەڵگواستن لە ڕێگەی گیرەکە دارێژەکانەوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی وشە دروستکردن و هێمادانانیدا، هەربۆیە زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانەکانی وەک: (ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی، ...&)، سوود لە گیرەک وەردەگرێت بۆ دابینکردن و پڕکردنەوەی پێویستییە فەرهەنگییەکانیی، هاوکات وەسیلەیەکی زۆر گونجاوە بۆ قسەکەری زمان، کە دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لە گیرەکی زمانەکەی داتای نوێی زمانی ڕۆبنێت، واتە "ئەرک و دەوری گیرەک لە زماندا لە وشە زیاتر و پترە، لەبەرئەوەی لە وشەیەکەوە چەندین وشەی جۆراوجۆر پێکدەهێنن." (ڕەفیق شوانی: ٢٠١٢: ٨٩١).

**دووەم/ پرۆسەی لەیەکدان:** ئەم پرۆسەیەش بە هەمان شێوەی پرۆسەی دارشتن/هەڵگواستن، سەر بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنەو دەرکردەی ئەم پرۆسەیەش دەچێتە فەرهەنگەوەو فاکتەرێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی و بە بەراورد لەگەڵ پرۆسە /ڕێگەکانی تری دروستکردنی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان لە هەموویان چالاکترەو وشەو دەرکردەی ئەم پرۆسەیە، مەودایەکی فراوانی لە گەنجی وشەکانی زمانی کوردیدا داگیرکردووە، هەربۆیە پرۆسەی لەیەکدان " برتییە لە پرۆسەی زیادکردنی بناغەی وشەیەک بۆ لای بناغەی وشەیەکی تر یان زیاتر بۆ بیناکردن و دروستکردنی وشەیەکی نوێی لەیەکدراو." (شحدە فارغ ...&:٢٠٠٦: ١٣٢)، واتە پرۆسەی لەیەکدانی دوو بناغەی وەک یەک یان جیاواز لە ڕووی کەتیگۆریی فەرهەنگی وشەکانییەوە دەگرێتەوە، وەک : (ناو + ناو = وشەیەکی لێکدراو = دارتوو، داربەڕوو....&)، وشەکان هەمان بناغەیان هەیە لە ڕووی کەتیگۆرییەوە، (ئاوەڵناو + ناو = وشەیەکی لێکدراو = ڕەشماڵ، سورەماسی، ....&)، (ناو + ڕەگی کردار = وشەی لێکدراو = سەرتاش، خوێنمژ، ......&)، بناغەی وشەکان کەتیگۆریی جیاوازیان هەیە . هەروەها لە پرۆسەی لێکدانی وشەدا دروستەی وشەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕەچاوی دوو یاسای بنەڕەتی دەکەن:

بناغە + بناغە = وشەیەکی لێکدراو ............................یاسای ١

داربەڕوو، ڕەشماڵ، شاهەنگ، شادەمار، سەرتاش، گەشبین، ڕووخۆش، ........&

بناغە + م.ناوبەند + بناغە = وشەی لێکدراو ............... یاسای ٢

گوڵەگەنم، گوڵەباخ، سوروسپی، لەرزوتا، ڕووبەڕوو، دەستبەسەر، چاولەدەر، پشتاوپشت....&

کەواتە پرۆسەی وشەدروستکردن (داڕشتن و لێکدان) لە زمانی کوردیدا دوو پرۆسەی گرنگی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی زمانی کوردیین و بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دەیخەینەڕوو:




(فاروق عومەر سدیق:٢٠١٥: ٤٤).

**سێیەم/ پرۆسەی فۆرمە –وشە دروستکردن (شکانەوە):** ئەم پرۆسەیەیان جیاواز لە دوو پرۆسەکەی تر، پرۆسەیەکی سینتاکسییەو، بریتییە لە شکانەوەی کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار)، لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانەوە، واتە پرۆسەیەکی سینتاکسییەو دەرکردەکەشی ئەو فۆرمە – وشانە دەگرێتەوە، کە دەربڕی حاڵەتی جیاوازی سینتاکسیین لەناو ڕستەداو لە ڕێگەی مۆرفیمە گراماتیکییەکانەوە نوێنراون، واتە " قەدە – وشەی هەندێک جۆری وشە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بە فۆرمی جۆراوجۆرەوە بەرجەستەدەکرێن، کە یاسابەندانە گۆکردنی سینتاکسیی – سیمانتیکی جیاوازیان پێدەردەبڕدرێت ." ( محەمەدی مەحوی :٢٠١٠: ٢٤٢). بۆ نموونە پرۆسەکانی (دیاریکردن و دیارینەکردن و کۆکردن )ەوەی کەتیگۆریی (ناو) لە ڕێگەی پرۆسەی (شکانەوە)و بە مۆرفیمە بەندە گراماتیکییەکانی تایبەت بە کەتیگۆریی ناو جێبەجێدەکرێن. وەک:

- دیاریکردن/ناسراوکردنی ناو لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی /-ەکە، -ە/ و ئەلۆمۆرفەکانی /-ەکە/ەوە

پیاوەکە، کوڕەکە، کوڕە، ژنەکە، مامۆستاکە، کانییەکە، دێکە، .......&

- دیارینەکردن/نەناسراوی ناو لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی /-ێک/ و ئەلۆمۆرفەکانییەوە.

پیاوێک، مامۆستایەک، کانییێک، ژنێک/ ژنێ، ..........&

**٢/١ ڕۆڵی مۆرفیمی بەند لە زەنگینکردنی فەرهەنگی زماندا:**

مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ و بەرچاویان هەیە لە دەوڵەمەندکردن و زەنگینکودنی گەنجی وشەکانی زمانی کوردیدا، بێگومان ڕۆنان و داڕشتنی پۆلەڕەگەزێکی دیاری وەک (ناو) لە زمانی کوردیدا بەندو پەیوەستە بە مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکانەوە، بە تایبەتیش پاشگرە داڕێژەکانی ناو شوێنێکی دیارو بەرچاویان لەم ڕووەوە هەیە، هەر لەمبارەیەوە گرنگترین ئەو پرۆسانەی، کە مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکان جێ پەنجەی خۆیانی تێدا دەنەخشێنن، بریتین لە هەردوو پرۆسەی (داڕشتن و لێکدان - compounding and derivation)، کە دوو پرۆسەی گرنگن بۆ ڕۆنان و دروستکردنی وشەی نوێ . ئاشکراشە بەگەڕخستن و چالاککردنی ئەم دوو پرۆسەیە لە ڕێگەی (گیرەک – affixes)ەکانەوە دەبێت . دیارە گیرەکەکانیش بەڕێگەی زیادکردنیان بۆ سەر بناغەی جیاواز ڕۆڵ و گرنگییان دەردەکەوێت . " چونکە

گیرەک لە زماندا بە تەنیا بایەخی نییە، بەڵکو کە دەچێتە سەر وشە دەتوانێ دەوری دروستکردنی وشە ببینێ و واتا ببەخشێ." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٥٢). هاوکات مۆرفیمە بەندەکانیش لەسەر بنەمای ئەو کاریگەرییەی، کەلەسەر بناغەی وشەکان دایدەنێن، دابەشدەبن بۆ : ( أ– مۆرفیمە بەندە داڕێژەکان – Derivational Morpheme)و (ب– مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان Inflectional Morpheme). هەروەها گیرەکەکان جگە لەوەی ، کە ڕۆڵ و گرنگییان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا، بە ئاشکرا دیارە، هاوکات لەسەر بنەمای یەکێ لە بیرە گرنگەکانی (سۆسێر)، کە پێی وایە: " زمانی مرۆڤ پەیڕەوێکی هێمایی تاریک و لەخۆوەیە ." (محەمەد مەعروف فەتاح : ٢٠١٠: ١٢٠). ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە پەیوەندی نێوان هێماو هێمابۆکراو پەیوەندییەکی ناڕوون و لێڵە، واتە پەیوەندییەکە لەخۆوەیە . دیارە ئەمەش بۆ هێما/وشە سادەکانی زمانە لە نموونەی: (دار، گوڵ، ئاو، نان، ئاگر، ...&)، بەڵام کاتێک لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە داڕێژەکانەوە دەبنە وشەی داڕێژراو، ئەوا واتاکانیان ڕوونده بێتەوە، کەواتە مۆرفیمە بەندە داڕێژەکان لەڕووی سیمانتیکییەوە دەورێکی گرنگیان لە ڕوونکردنەوەو لابردنی لێڵی واتایی سەر وشە سادەکان هەیە . وەک:

گوڵ: (تاریک) > گوڵدان، گوڵستان، ...& (ڕوون).

نان: (تاریک) > ناندێن، نانەوا، ....& (ڕوون).

یاخود جاری وایە ڕوونکردنەوەی واتای وشەیەک لەڕێگەی مۆرفیمە بەندە لێکدەرەکانەوە دەبێت لە پرۆسەی لێکداندا. وەک:

گوڵ: (تاریک) > گوڵەباخ، گوڵاو، گوڵەهێرۆ، ...& (ڕوون).

ئاو: (تاریک) > ماستاو، ئاوبازی، ئاوفرۆش، ...& (ڕوون).

کەواتە ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بریتین لە مۆرفیمە بەندە داڕ ێژەکان لە پرۆسەی وشەداڕشتنداو مۆرفیمە بەندە لێکدەرەکان لە پرۆسەی وشە لێکداندا . کە دوو چەپکە مۆرفیمی بەندن و ڕۆڵی کاریگەریان لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشەی نوێی زمانییدا هەیە . لە ناویشیاندا ڕۆنان و داڕشتنی پۆلەڕەگەزی ناو، مەودایەکی فراوانی لە دەرکردە بەرە ممهاتووەکانی مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکاندا داگیرکردووە . هەربۆیە دەتوانین بڵێین " وشەداڕشتن (derivation) پەیوەستە بەو ڕێگایانەی مۆرفیمەکان لەشێوەی (گیرەک – affixes)دا دەلکێنرێن بە مۆرفیمە فەرهەنگییەکان یا قەدەکان لە پرۆسەیەکدا، کە پێی دەوترێ (وشەڕۆنان – word formation). " ( هیدسن:٢٠٠٨: ٧١). کەواتە پرۆسەی وشەڕۆنان و دروستکردن لەڕێگەی مۆرفیمە بەندەکان (affix)ەکانەوە دەبێت و هەریەک لەم مۆرفیمانەش بەپێی شوێنی هاتنیان لەگەڵ بناغەی وشەکاندا ناوی جیاوازیان هەیە . کە ئەوانیش: بریتین لە (پێشگر – prefix)، کە دەکەوێتە پێشی بناغەوە. (ناوگر – infix)، کە دەکەوێتە ناو بناغەوە . (پاشگر – suffix)، کە دەکەوێتە دوای بناغەوە . (ناوبەند – interfix)، کە دەکەوێتە نێوان دوو بناغەوە.

واتە هەریەک لەم مۆرفیمە بەندانەی سەرەوە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە پرۆسەی وشەداڕشتنداو هەر زمانەش بەپێی تایبەتمەندیی خۆی مامەڵە لەگەڵ جۆرێک یان زیاتری ئەم مۆرفیمانەدا دەکات . بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا " لە گرنگترین پرۆسە بەکارهاتووەکانی وشەداڕشتن، بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، لە شێوازە ناسراوەکان، بریتییە لە ڕێگەی گۆڕانی ناوەکیی لە بناغەی وشەدا، واتە بە بەکارهێنانی مۆرفیمی بەندی (ناوگر – infix)، وەک: کتب > کاتب." ( شحدە فارع ...&: ٢٠٠٦: ١٣١). بەڵام لە " زمانە هیندو

ئەوروپییەکاندا، کە زمانی کوردیش یەکێکە لەو خێزانە، هەردووک – واتە پێشگرو پاشگر – بەکاردەهێنن." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٥٤). هەر سەبارەت بە پرۆسەکانی وشە دروستکردن و ڕۆڵی مۆرفیمە بەندەکان لەم نێوەندەدا (محەمەدی مەحوی) ئەم هێڵکارییەی خوارەوەی خستووەتەڕوو:




(محەمەدی مەحوی:٢٠١٠: ٤٤)

کەواتە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو سەلماندنی قسەکانمان لەسەر ڕۆڵی مۆرفیمی بەند لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا هەوڵدەدەین لەڕێگەی ئەم خشتانەی خوارەوە چەند نموونەیەک بەپێی زمانە زیندووەکانی وەک: (ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، کوردی)، وەک بەڵگەی قسەکانمان بخەینەڕوو:[4]

١– لە زمانی ئینگلیزیدا:

| بناغە/ڕەگ | پێشگر | پاشگر | وشەی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| Happy | … | /-Ness/ | Happiness |
| Write | /re-/ | ... | Rewrite |

٢– لە زمانی عەرەبیدا:

| بناغە/ڕەگ | پێشگر | ناوگر | پاشگر | وشەی داڕێژراو |
|---|---|---|---|---|
| کتب | .... | /ـاـ/ | … | کاتب |
| درس | .... | /ـاـ/ | … | دارس |
| بحث | … | /ـاـ/ | … | باحث |

٣– لە زمانی فلوسیدا:

---

[4] بۆ وەرگرتنی نموونە: (ئینگلیزی، عەرەبی، فارسیی)یەکانی خشتەکان، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: ١-(Lieber:2009)، ٢- ( شحده فارغ...&:٢٠٠٦)، ٣- (فاتیمە سادات تالاری: ١٣٩٣).

| بناغە/ڕەگ | پێشگر | پاشگر | وشەی دارێژراو |
|---|---|---|---|
| دان | /نا–/ | ... | نادان |
| گفت | .... | /–ار/ | گفتار |

٤– لە زمانی کوردیدا:

| بناغە/ڕەگ | پێشگر | پاشگر | وشەی دارێژراو |
|---|---|---|---|
| نوس | /–پێ/ | .... | پێنووس |
| کورد | .... | /–ستان/ | کوردستان |
| گەڕان | /هەڵ–/ | /–ەوە/ | هەڵگەڕانەوە |

هاوکات لە پرۆسەی وشەلێکد انیشدا دەتوانین چەند نموونەیەک بخەینەڕوو، کە مۆرفیمە بەندە لێکدەرەکان ڕۆڵیان لەلێکدانی بناغەکانیاندا هەیە. وەک:

| بناغە | ناوبەند | بناغە | وشەی دروستکراو |
|---|---|---|---|
| لەرز | /–و–/ | تا | لەرزوتا |
| گوڵ | /–ە–/ | گەنم | گوڵەگەنم |
| کولێرە | /–بە–/ | ڕۆن | کولێرەبەڕۆن |

**پۆلی گیرەکە دارێژەکانی ناو:**

**١/٢ پۆلی پاشگرە دارێژەکانی ناوی شوێن:**

دەستەیەک لە گیرەکن، کە دەچنە دوای بناغەوە و وەک پاشگری دارێژ ڕۆڵیان لە ڕۆنانی ناوی دارێژراودا هەیە، کە بە " شێوەیەکی گشتی شوێن و جێگە نیشاندەدەن ." (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١١٩). واتە ئەم گروپە لە مۆرفێمی بەن د لە دەوری یەک چەمک کۆدەبنەوە، کە لە ڕووی چەمکەوە (+شوێن)ن، بەڵام مەرج نییە لە ڕووی واتای ورد و تایبەتەوە هەموویان یەک واتا ببەخشن، بەڵکو لە سیمایاندا هەموویان لەوەدا هاوبەشن، کە دەربڕی شوێن و جێگەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بۆ نموونە، هەردوو پاشگری /–ستان/ و /–ەڵان/ هەرچەندە دوو پاشگری ناوی شوێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییان هەیە بۆ نموونە:

/–ستان/ = (+شوێن)، (+/-حوکمی چاو)، (+زۆری مرۆڤ وشت).

/–ەڵان/ = (+شوێن)، (+حوکمی چاو)، (+/– زۆری شت).

کەواتە گرنگترین ئەو مۆرفێمە بەندانەی، کە دەربڕی چەمکی شوێنن، بریتین لە:

**/ــگە،گا/:** یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکانی زمانی کوردی (فازڵ عومەر: ٢٠٠٥: ٩٤)، ئەم پاشگرە بە هەردوو فۆڕمی /ــگە، گا / دەردەکەوێت، بەڵام فۆڕمی /ــگە/ چالاکترە، لەبەرئەوەی دەتوانێت لەشوێنی /ــگا/ش دەربکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، /ــگا/ ناتوانێت لە شوێنی /ــگە/ لە هەموو شوێنێکدا دەربکەوێت، هەروەها یەکێکی تر لە هۆکارەکان پەیوەندی بە تابووەوە هەیە لە زماندا، چونکە فۆڕمی گیرەکی /ــگا/ هاوبێژە لەگەڵ ناوی ئاژەڵی (گا)دا. هاوکات هۆکاری ئاواز و ئاسان درکاندنی گیرەکی /ــگە/ش، بۆ خۆی فاکتەرێکی تری چالاکی ئەم مۆرفیمەیە. بۆ نموونە وەک:

فرۆشگە / فرۆشگا

نوسینگە/ نوسینگا*

هەربۆیە فۆڕمی /-گە/ لەڕووی ئابوریکردن، جوانیدەربڕین، درکاندن و ئاوازو مۆسیقاوە زیاتر گونجاوترە لە فۆڕمی /-گا/، ئەمە جگەلەوەی، کە " پاشگری "گا" لە زمانی کوردی دا لەگەڵ پاشگری "گاه"ی زمانی فارسی بە هەڵە تێکەڵ بووەو پیتی (ه)ی لێ لابراوەو بوەتە "گا" بۆ وێنە لە فارسی دا دەڵێن "ئیستیگاه"، "کوشتارگاه"، "وەرزشگاه"، ... بەکورتی بەپێی ئەو شرۆڤەی سەرەوە، پاشگری "گە" دروستە، نەک "گا" .... پێویستە ئاماژە بەمەش بکرێ، کە بەهۆی بەکاربردنی پاشگری "گە"، لە زمانی کوردی دا، دەتوانین زۆر وشەی رەسەنی کوردی بناسێنین و بەکاریان بەرین ." ( ح.س.سۆران:٢٠٠٩: ٦٤). کەواتە لەسەر بنەمای ئەو تێبینیانەی خستمانەڕوو لەبەر چەند هۆکارێک بەکارهێنانی پاشگری /-گە/ بەگونجاوتر دەزانین بۆ ڕۆنانی ناوی داڕێژراو، نەک پاشگری /-گا/، لەو هۆکارانەش یەکەم لەڕووی وزەپاراستن و جوانیدەربڕین و ئاهەنگ و مۆسیقای وشە بەرهەمهاتووەکەوە پاشگری /-گە/ گونجاوترە. دووەم دوورکەوتنەوەیە لە دیاردەی دروستکردنی هاوبێژی لەگەڵ ناوی ئاژەڵی (گا)دا، هەروەها خاڵی سێیەم دورکەوتنەوەیە لە نزیکی فۆڕمی (گاه)ی زمانی فارسی. هاوکات ئەو بناغانەی، کە ئەم پاشگرە وەردەگرن بریتین لە پۆلەکانی: (ناو، ناوی ڕووداو، ڕەگی کردار، ناوی ئاوەڵکرداری) بە پێی ئەم یاسایانەی خوارەوە:

١ــ ناو + /ــگە، گا/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

نەمامگە، شەتڵگە، خێوەتگە، سەیرانگە، کارگە، فێرگە، ڕووگە، ژوانگە، دایەنگە، حەشارگە، بازگە، داعشگا، کۆمەڵگە، خولگە، شەڕگە، مۆڵگە، تۆمارگە، ڕێگا، کانگا، دەزگا، کۆگا، بارەگا، هەوارگە، پەسارگە، پێشانگا، دادگا، ئارایشتگا، مەزارگە، پێگە، مەلەوانگە، دەرمانگە، نزرگە، کوشتارگە، زاڵگە ...&

٢ــ ناوی ڕووداو+ /ــگە، گا/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

نوسینگە، خواردنگە، نشینگە، ژینگە، خوێندنگە/خوێندنگا، ...&

٣ــ ڕەگی کردار + /ــگە، گا/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

فرۆشگە/فرۆشگا، فڕگە، ڕوانگە، ڕێژگە، بڕگە، پاڵێوگە، کێڵگە، لەوەڕگە ...&

٤ــ ناوی ئاوەڵکرداری + /ــگە، گا/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

دەرگا، جێگە،...&

٥ــ ئاوەڵناو + /ــگە/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

دوورگە

کەواتە هەردوو پاشگری /ــگە، گا/، دەربڕی ناوی شوێنن، ئەو بناغانەی، کە وەریدەگرن، بەشێوەیەکی گشتی (ناو، ڕەگی کردار، ناوی ڕووداو، ناوی ئاوەڵکردار )ین، بەڵام بە شێوەیەکی چالاک لەگەڵ ناودا دێن و ناوی

داڕێژراو ڕۆدەنێن. هەروەها چەند ناوێکیان، کە ئەم پاشگرانەیان وەرگرتووە، لە ئێستادا بە سەربەخۆیی بەکارناهێنرێن و بە تەنها بەبێ پاشگرەکە واتایەکی ڕوونیان نییە. وەک: (فێرگە، پێشانگا، حەشارگە،...&).

**/ــخانە/:** ئەم فۆڕمە لە بنەڕەتدا وشەیەکی سەربەخۆیە و واتای (شوێن/ماڵ) دەبەخشێت، بۆ نموونە وەک لەم پەندەدا، بەڕوونی دیارە: (نە پێڵاوی تەنگ نە خانەی بەجەنگ)، یاخود لەم وشە وفرێزانەدا، کە هەموویان دەیسەلمێنن، وشەیەکی سەربەخۆیە: ( خانەخوێ، (خانە – خلیە)، خانەدان، خانەی منداڵان، خانەی بێ سەرپەرشتان، خانەی سمۆرە، خانەخانە، ...&)، بەڵام لە ئێستای زمانی کوردییدا، پاشگرێکی چالاکە و دەتوانین بڵێین گیرەک ئاسایە و بەرەو ئەوەدەچێت، کە ببێت بە گیرەک، واتە هەرچەندە لە ئێستای زمانی کوردییدا بە هەردوو فۆڕمی گیرەک و وشەی سەربەخۆش هەیە، بەڵام وەک گیرەک چالاکترە و توانایەکی باشی هەیە بۆ ڕۆنانی ناوی شوێن، واتە لە ڕووی چالاکییەوە گیرەکێکی چالاک و بەرهەمدارە، هەروەها لە " سیمای واتایی ئەم مۆرفیمە، (+شوێن)، (+مامناوەند) لە ڕووی قەبارەوە . واتە ئەو شوێنەی کە دروستیدەکات سنووردار و دیاریکراوە لە چوارچێوەیەکدا نە زۆر بچووکە و نەزۆر گەورەیە و لە حوکمی چاودایە، بە زۆری لە سنووری بینایەک دەرناچێت، کە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە ." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٢). هەروەها یەکێ لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی، کە وادەکەن، ئەم گیرەکە بەرهەمداربێت ئەوەیە، کە وشەیەکی کۆنی زمانە ئێرانییەکانە و ڕەگێکی قووڵی هەیە لە زمانەک ەماندا و هاوکات لە ڕووی واتاییشەوە، لەبەرئەوەی دەربڕی چەمکی شوێن و ماڵە ئەم چەمکەش چەمکێکی گرنگە بە نسبەت مرۆڤەوە بە درێژایی مێژوو، چونکە شوێنی پاراستن و مانەوە و خۆحەشاردان و ژیان بووە، هەر لەم ڕووەوە (فاروق عومەر سدیق ) لە باسکردنی ڕەگ و ڕەچەڵەکی وشەی (ماڵ)دا دەڵێت: " هەر لە بواری گەیاندنی چەمکی جێ و ڕێی حەوانەوە و پشوودان و ژیانی مرۆڤدا، وشەی تریش، لە زمانە ئێرانییە مردوو ونوێکاندا، لە ئارادابوون. یەکێک لەو وشانەی کە بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندایە، لە پەهلەویدا، بە دوو فۆڕمی جیاواز کە لە بنجدا لەیە ک ڕەگ سازبوون، بەرچاومان کەوتوون و بریتین لە (خانەک Xanek)، (خانە Xan) واتای (ماڵ، بینا)یان بەخشیوە." (٢٠١٥: ١٣٦)، هاوکات پێیانوایە، کە لەڕووی پێکهاتەوە، فۆڕمی (خانە) لە بنەڕەتدا ناسادەبوە و دەڵێت: "دەتوانین بڵێین لە سەرەتاوە وشەکە (خان) بووە و بۆ مەبەستی بچووککردنەوە سۆفیکسی (-ەک ek)ی خراوەتە سەرو بووە بە (خانەک)، دواتر فۆنیمی (ک k)یش پەڕیوە و بووە بە (خانە). " (سەرچاوەی پێشوو: ١٣٧). کەواتە گرنگترین ئەو بناغانەی، کە (خانە) وەک گیرەک دەچێتە سەریان و ناوی شوێن ڕۆدەنێت بە پێی چەند یاسایەکی دیاریکراو بریتین لە:

١– /ــخانە/ + ناو = ناوی داڕێژراوی شوێن

قەسابخانە، شرینیخانە، سەموونخانە، کولێرەخانە، مەیخانە، جامخانە، دارتاشخانە، سەربڕخانە، کارخانە، قومارخانە، خومخانە، چێشتخانە، کەبابخانە، سەرتاشخانە، سەروپێخانە، چاخانە، دۆندرمەخانە، قاوەخانە، کتێبخانە، حەپسخانە، نام ەخانە، پۆلیسخانە، قوتابخانە، مەزادخانە، میوانخانە، مۆزەخانە، کونسوڵخانە، بەیتاڵخانە، پۆستەخانە، فرۆکەخانە، بەنزینخانە، نەوتخانە...&

٢– /ــخانە/ + ئاوەڵناو = ناوی داڕێژراوی شوێن

شێتخانە، تەمەڵخانە، نەخۆشخانە، خەستەخانە، گیراوخانە، باڵە/باڵاخانە ...&

کەواتە پاشگری /ــخانە/، یەکێکە لە پاشگرە چالاکەکان و بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی کەتیگۆری بناغەکانییەوە دەچێتە سەر پۆلەکانی: (ناو، ئاوەڵناو)، هەروەها لە ڕووی پێکهاتەی بناغەکانیشییەوە، دەچێتە

سەر بناغەی وشەی سادە و لێکدراویش، وەک : ( چاخانە، مەیخانە، جامخانە، سەروپێخانە، سەرتاشخانە، سەربڕخانە، ...&)، هاوکات گونجاندێکی باشی هەیە لەگەڵ بناغەی ئەو وشانەی، کە هاتوونەتە زمانی کوردییەوە و لە بنەڕەتدا وشەی بێگانەن، کە ئەمانەش بۆخۆی جارێکی تر دەبنە فاکتەری چالاکیی ئەم پاشگرە، وەک: (قەسابخانە، بەیتاڵخانە، خەستەخانە، مۆزەخانە، کونسوڵخانە، پۆستەخانە، پۆلیسخانە، کتێبخانە، ...&).

**/ــدان/:** یەکێکی ترە لەو گیرەکانەی، کە بەشداریەکات لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و " دەچێتە سەر ناوی سادە و دەبێتە شوێنی هەڵگرتنی ئەو شتە " (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠١٣: ٤٧)، واتە ئەم پاشگرەش لە خانەی گروپی پاشگرە داڕێژەکانی ناوی شوێن ئەژماردەکرێت و لە ڕووی چالاکییەوە، بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە و پلەی چالاکیی و بەرهەمداری ناگات بە هەردوو پاشگری /ــگە،گا،ــخانە/، هەروەها گرنگترین سیماواتاییەکانی ئەم پاشگرە بریتین لە: (+شوێن)، (+هەڵگرتن و پاراستنی شت )، (+تەسکی و داخراوی شوێنەکە).

١ــ ناو + /ــدان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

گوڵدان، مۆمدان، شەمعدان، هێلکەدان، مناڵدان، پزدان، شەکردان، خوێدان، قەنددان، ئاگردان، خەڵوزدان، کلدان، زیندان، توێشوودان، ....&

هەروەها پاشگری /ــدان/ لە شێوەی فۆڕمی /ــدانە/شدا دەردەکەوێت وەک:

سیکڵدانە/چیکڵدانە، وەک لە ئیدیەمی: (چیکڵدانە تەنگ)دا دەردەکەوێت.

کەواتە ئەم گیرەکە وەک دەردەکەوێت، گیرەکێکی زۆر چالاک و بەبەرهەم نییە، بەڵکو بەرهەمی مامناوەندە . هاوکات یەکێک لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی، کە وا یکردووە زۆر چالاک نەبێت، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە ناتوانێت لەگەڵ هەموو بناغەیەکدا بێت، بەڵکو تەنها لەگەڵ ناودا دێت و بناغەکانیش لە ڕووی پێکهاتەوە سادەن. هەروەها " لەڕووی واتاوە، سنووری بەکارهێنانی ئەم پاشگرە دیاریکراوە و ناتوانرێت لە جێی هیچ یەکێک لە پاشگرەکلنی دیکەی ناوی شوێن بەکاربهێنرێت." (نەرمین عومەر: ٢٠١٠: ٨٩).

**/ــستان/:** یەکێکە لە پاشگرە دێرینەکانی زمانی کوردی و دەربڕی چەمکی شوێنە، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە، دەتوانین بڵێین لە ئێستای زمانی کوردیدا بەکارهێنانی لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێی زمانییدا کەمیکردووە، یاخود تاڕادەیەک نەماوە، واتە بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە . هەروەها لەڕووی واتاییشەوە گرنگترین سیما واتاییەکانی، بریتین لە : (+شوێن، +کراوە، +فراوان، +زۆری، ...&)، هاوکات ناو وەک یەکێک لە گرنگترین ئەو بناغانەیە، کە ئەم پاشگرە هەڵیدەبژێرێت، بە تایبەتیش ناوی میلل ەت، کە دەربڕی شوێن و سنوری جوگرافیای ئەو میللەتەیە، هەروەها زۆربەکەمی لەگەڵ بناغەی ئاوەڵناویشدا دێت.

کەواتە پاشگری /ــستان/، "بەناوبانگترین پاشگری شوێنە لە ناو زمانە ئێرانییەکاندا، کە بۆ ناونانی شوێنی میللەتان بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ ناونانی شوێنی شتی تری ش لەکاردایە." (فازڵ عومەر: ٢٠٠٥: ٨٠). گرنگترین یاساکانی ڕۆنانی ناوی شوێن بە یارمەتی پاشگری /ــستان/، بە پێی پۆلە جیاوازەکانی ئاخاوتن بریتین لە:

١ــ ناوی میللەت + /ــستان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

کوردستان، تورکمانستان، ئۆزبەکستان، بلوجستان، گورجستان، ئەفغانستان، پاکستان، هیندستان، تاجیکستان، عەرەبستان، ئەرمەنستان، یۆنانستان، کیرغیزستان، ...&

٢– ناوی ڕووەک و گیژوگیا و مێروو + /–ستان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

گوڵستان، دارستان، مێرووستان، ...&

٣– پاشگری /–ستان/، " دەچێتە سەر هەندێک ناو کە خۆیان شوێن و جێگەن ." (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠١٣: ٥١)، وەک:

ناوی شوێن و جێگە +/–ستان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

گۆڕستان، کوێستان، جەنگەڵستان، شارستان، ...&، هەروەها لەوشەی (کێو+ستان = کوێستان)، کە تیایدا ئاڵوگۆڕ بەشوێنی دەنگەکانی /ێ، و/، کراوە، ئەمەجگەلەوەی کە ئەم وشەیە لە فۆڕمی (کۆسار)یشدا لەزمانی کوردیدا دەبینرێت، کە پێمانوایە، ئەم دەربڕینەیان زیاتر سەر بەزمانی فارسییە، (کوە + سار = کۆسار).

٤– ئاوەڵناو + /–ستان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن (ئاوەڵناوئاسا).

تاریکستان، ...&

پاشگری /–ستان/، کە چووەتە سەر ئاوەڵناوی (تاریک) لەڕاستیدا جگە لەوەی دەربڕی شوێنە، بەڵام واتای ئاوەڵناوی بەسەریدا زیاتر زاڵە و هەڵگری سیفەتی وەسفە، کە ئەویش وەسفی شوێنی زۆر تاریک دەکات، بۆیە دەتوانین بە ئاوەڵناوئاسا ئەژماری بکەین، هاوکات پاشگری /–ستان/، دەچێتە سەر چەند ناوێکی تریش، کە جگە لە نیشاندانی شوێن، بە ڕای ئێمە زیاتر هەڵگری واتای وەسفە و ئەمانیش دەتوانین بە ئاوەڵناوئاسا ناودێریان بکەین، وەک: کافرستان/کافرسان، خەرابستان، سەرابستان، ...&

**/–ەڵان/:** یەکێکە لە پاشگرە ناچالاکەکانی دەربڕی چەمکی شوێن و دەرکردە و بەرهەمی ئەم پاشگرە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، هەربۆیە لە ئێستای زمانی کوردیدا بەرهەمێکی ئەوتۆی نییە و دەتوانین بڵێین لەبەرهەمهێنان کەوتووە، هاوکات ئەم پاشگرە دەچێتە سەر بناغەی پۆلەکانی (ناو، ئاوەڵناو)، هەروەها لە ڕووی سیمانتیکییەوە، گرنگترین سیماواتاییەکانی : (+شوێن، +حوکمی چاو، +زۆریی)یە، دەتوانین ئەم دوو یاسایەی خوارەوە بۆ ڕۆنانی ناوی شوێن بە یارمەتی پاشگری /–ەڵان/ دیاریبکەین:

١– ناو + /–ەڵان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

قامیشەڵان، بەردەڵان، زیخەڵان، قومەڵان، هەنگەڵان، کوندەڵان، کەندەڵان، ...&

٢– ئاوەڵناو + /–ەڵان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

سەوزەڵان، نەرمەڵان، ڕەقەڵان، ...& لەم نموونانەدا، کە چوونەتە سەر ئاوەڵناو هەست دەکرێت، کە جگە لە پیشاندانی شوێن، کە شوێنی (سەوزایی، نەرمایی، ڕەقانی)یە، هاوکات هەستدەکرێت واتای وەسفی تێدا زاڵە و دەتوانین بە ئاوەڵناو ئاسا چاویان لێبکەین.

هەروەها لە وشەی (قەدەلان)دا، کە هەمان پاشگری /–ەڵان/ە، بە هۆی ئاسانی درکاندن و لایەنی ئاهەنگ و مۆسیقای وشەکەوە پاشگرەکە لە /–ەڵان/ەوە بووە بە /–ەلان/.

**/–جاڕ/:** یەکێکی ترە لە پاشگرە سست و کەمبەرهەمەکانی زمانی کوردی و لە ئێستادا لە بەرهەمهێنان وەستاوە، هاوکات ئەم پاشگرە زیاتر لەگەڵ ئەو بناغانەدا دێت، کە ناوی گژوگیاو ڕووەکن، وەک:

١– ناو + /–جاڕ/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

نێرگزەجاڕ، توتنەجاڕ، بەلەکجاڕ، ...&

**/–زار/:** ئەم گیرەکەش بە یەکێک لە گیرەکە کەمبەرهەم و سستەکانی داڕێژی ناوی شوێن لە ئێستای زمانی کوردییدا لە قەڵەمدەدرێت و بەرهەمی تەنها ئەو وشانەیە، کە لەکۆندا لەگەڵ ئەم گیرەکەدا هاتوون و لە ئێستای

زمانەکەدا بناغەیەکی نوێ نادۆزرێتەوە، کە ئەم پاشگرە ڕۆینابێت، هاوکات گیرەکی /ـزار/، هاوشێوەی گیرەکی /ـجاڕ/ەو زۆرجار سنوری نێوانیان تێکەڵدەبێت و هەندێک زمانەوان بە یەک گیرەک ئەژماری دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر بنەمای شوێن گۆڕینی گیرەکەکان بۆسەر بناغەکانیان بکەینە پێوانە و قیاس ئەوا ناتوانین بڵێین یەک گیرەکن، وەک : ( نێرگزەجاڕ/نێرگززار*، توتنەجاڕ /تووتنزار*)، هەروەها گرنگترین سیماواتاییەکانی هەردوو گیرەکی /ـجاڕ،ـزار/، هەریەکێکن، کە ئەوانیش : (+شوێن، +گژوگیا و ڕووەک، +مامناوەندیی شوێنەکە، +زۆریی)، هاوکات ئەم پاشگرە /ـزار/ بنکەکەی تەنها چەند ناوێکی سادەیە، کە بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە دەیخەینەڕوو:

١ـ ناو + /ـزار/ = ناوی دارێژراوی شوێن

گوڵزار، مێرگ گوڵزار > (مێرگوزار، مێرغوزار)، لالەزار، چەمەنزار، ...&

**/ـەوار/:** ئەم پاشگرەش، یەکێکە لە پاشگرە سست و ناچالاکەکانی بەرهەمهێنانی وشەی دارێژراو لە زمانی کوردیدا، هاوکات هەرچەندە بە پاشگری دارێژی ناوی شوێن ناوبراوە، بەڵام نموونەی وامان دێتە بەردەست، کە لە ڕاستیدا دوورو نزیک پەیوەندییان بە شوێنەوە نییە، یاخود ئەگەر پەیوەندیشیان هەبێت، ئەوا لە ڕووی سیمانتیکییەوە نیشانەی پرسی لەسەرە، بۆ نموونە وشەکانی : (ئومێدەوار، کۆڵەوار)، لە ڕاستیدا ئەمانە بریتین لە (ئاوەڵناوی بکەری دارێژراو) نەک ناوی شوێن، کەواتە یان دەبێت ئەمە بە دوو پاشگری جیا دابنێین و بە (هاوبێژی) یەکتر ئەژماریان بکەین، یاخود دەبێت ئەوە ڕەتبکەینەوە، کە پ اشگری /ـەوار/، تەنها دەربڕی چەمکی شوێن بێت . هاوکات وشەی (شوێنەوار)، کە بەرامبەر (آثار)ی زمانی عەرەبی بەکاریدەهێنین، لە ڕووی سیمانتیکییەوە گونجاو نییە، چونکە ئەوکات واتاکەی دەبێتە (شوێنی شوێن )، کە ئەم دەربڕینەش ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا بەکا رهێنانی زاراوەی (ئاسەوار)، کە لە (ئاسار + /ـەوار/) دروستکراوە، ڕێگە پێدراوە، هەروەها کەتیگۆری ناو تەنها کەتیگۆرییە، کە ئەم پاشگرە وەک بناغە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بە واتای شوێنەوە:

١ـ ناو + /ـەوار/ = ناوی دارێژراوی شوێن

لێرەوار، ئاسەوار، گەڤنەوار، ...&

کەواتە پاشگری /ـەوار/، " بە یەکێک لە گیرەکە ناچالاکەکانی، سازکردنی ناوی شوێن دادەنرێت، چونکە توانایەکی کەمی هەیە و لەگەڵ چەند نموونەیەکی کەمدا دەبینرێت." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٤)، هاوکات پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، لە ڕاستیدا ئەم گیرەکە بە واتای شوێنەوە دەتوا نین بە گیرەک ئاسا ئەژماری بکەین، چونکە لە بنەڕەتدا وشەی سەربەخۆیە و بە فۆڕمی هەوار/وار، لە ئێستای زمانی کوردیدا لە هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا وجودی هەیە، وەک: (هاوینەهەوار، هەواری نوێ، هەوارگە، وارێ مە)، تەنانەت فۆڕمی (وار WAR) ناوی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردییە، کەواتە هەروەک (ڕەفیق شوانی دەڵێت): " ئەم پاشگرە، لە بنچینەدا، (هەوار)ە، بە سوانی (ە) لە ناوەوە، بۆتە پاشگری /ـوار/. " (٢٠١٢: ٨٩٥).

**/ـدێن، دین /:** ئەم دوو گیرەکە، دوو پاشگری دارێژی ناوی شوێنن و پێمانوایە هەردوکیان ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی /ـدان/ن، لەبەرئەوەی لە ڕووی پێکهاتەوە تا ڕادەیەک هەمان فۆڕمیان هەیە و لە ڕووی سیمانتیکیشەوە هەمان سیمای واتایی کۆیان دەکاتەوە، کەئەویش : (+شوێن، +داخراو، +پارێزگاریکردن و هەڵگرتن)ە، تەنها گۆڕانێکی بچووک هەیە ئەویش گۆڕینی دەنگی (ا > ێ /ی)، دیارە ئەم گۆڕا نەش دەچێتە

ژێر فاکتەری دەنگسازیی و ئاواز و مۆسیقاو گونجاندنی بناغەکان لەگەڵ /ــدێن، دین /دا، نەک /ــدان/، هاوکات فاکتەری شێوازی ئاخاوتنی ناوچەی ش لە نێوان /ــدێن/ و /ــدین/دا، هەیە، جگە لەڕووی لایەنی واتاییەوە، چونکە لە ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان پاشگری /ــدێن/، واتای هەڵگرتن و پاراستن و شوێنی ئەو شتە دەبەخشێت، کە تێیدایە، بەڵام پاشگری /ــدین/، لە ناوچەکانی سنووری هەولێر بەواتای (چێشتخانە / مەتبەخ / موبەق) دێت، نەک شوێنی هەڵگرتنی شتێک.

دیارە یەکێک لەو بەڵگانەی، کە دەمانبات بەرەو ئەوەی بڵێین ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی /ــدان/ن، لەسەر ئەو بنەماو پێوانەیەی، کە لە زمانی کوردیدا ئاساییە حاڵەتی فۆنۆلۆژیی گۆڕینی دەنگی (ا > ێ)، وەک لە کاتی گۆڕینی تافی کردار لە ڕابردوو بۆ داهاتوو، بە تایبەت لەو کردارانەی، کە مۆرفیمی تافی ڕابردووەکەیان (ا)ە، یان لە کردارەکەدا فۆرمی (ا) هەیە، وەک:

ژمار = ژمێر (ا > ێ)

کوڵا = کوڵێ

دانا = دانێ، ...&

کەواتە یاسای ڕۆنانی ناوی داڕێژراوی شوێن بە هۆی گیرەکەکانی: /ــدێن، دین/ەوە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

ناو + /ــدێن، دین/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

کادێن، ناندێن، ناندین، ...&

**/ــاوا/:** ئەم مۆرفیمە، لە سازکردنی ناوی شو ێنی تایبەتیدا، چالاک و بەتوانایە، بەزۆریش دەچێتە سەر ناوی تایبەتی و ناوی گشتی، ئەوەی کە دروستیشی دەکات ناوی تایبەتی گەڕەک و گوند و شارۆچکەیە . (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٦). هەرچەندە لە بنەڕەتدا دەتوانین بڵێین ئەم پاشگرە وشەی سەربەخۆ بووە و لە ئێستادا مامەڵەی گیرەک دەکات و گیرەک ئاسا ڕەفتاردەکات، چونکە لە بنەڕەتدا بە واتای شوێن و ئاوەدانی دێت، بۆ نموونە وەک (گوند و لادێ )، کە ئێستاش لە زمانەکەماندا وشەی (ئاوایی)، وەک هاوواتای (گوند، لادێ)، بەکاردەهێنرێت، هاوکات ئەو بناغانەی، کە دەچێتە سەریشی سەرجەمیان ناون، بە تا یبەتیش ناوی مرۆڤ، واتە ناوی تایبەتی، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە، کە لە کۆندا لەبەرئەوەی سیستەمی ژیانی لادێکانی کوردستان ئاغانشین بووە، واتە خەڵکانی ئاغاو دەرەبەگ و خاوەن نفوزی خێڵەکی گوندەکانیان بە ناوی خۆیانەوە ناوناوە، بۆ نموونە لە جیاتی بڵێن (گوندی/ئاوایی میر)، وتراوە (میراوا)، هاوکات مەرجیش نییە بەردەوام هەرچووبێتە سەرناوی مرۆڤ، بۆ نموونە وەک : (تەیراوا)، کە لەوەیە مەبەست لێی شوێنی باڵندە بووبێت، کە لەوشەی (طیر + /ــاوا/ = تەیراوا)، بە کەمێک گۆڕانی فۆنۆلۆژییەوە. کەواتە یاسای ڕۆنانی ناوی شوێن بەم پاشگرە بریتییە لە:

ناو + /ــاوا/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

حاجیاوا، بەکراوا، تەیراوا، دۆلاراوا، عەلیاوا، بەلاشاوا، تۆبزاوا، سمایلاوا، میراوا، وارماوا، ئەحمەدئاوا، قەرەجاوا، باداوا، قالاوا، ...&

**/ــان/:** یەکێکە لەو گیرەکانەی، کە لە دیاریکردنی شوێنی تایبەتی و گشتیشدا، چالاکە و ب ەشێوەیەکی گشتی سیمای (+شوێن، +/ــتایبەتی و گشتی ) هەیە. دەرکردەی ئەم پاشگرە، بریتییە لە ناوی چەند شوێنێکی سروشتی، یاخود چەند شوێنێکی تایبەتی لە نموونەی گەڕەکی شارەکان، هاوکات لە ڕووی بناغەشەوە تەنها دەچێتە سەر کەتیگۆری ناو . هەروەها پێشمانوایە، کە ئەم پاشگرە یەکێکە لەپاشگرە دێرینەکانی زمانەکەمان،

کەواتای شوێنی بەخشیوە، یاخود لەوەیە زۆرجار هەردوو چەمکی (+شوێن، +کۆ) تیایدا یەکیان گرتبێ، بەڵام لە داڕشتنی ناودا زیاتر ناوی شوێنی کۆمەڵێک خەڵک، یان دیاردەی بەخشیبێت بۆ نموونە وەک ناوەکانی : (بابان، ئەردەڵان، موکریان، سۆران، کرماشان، گۆران )، کە لێرەدا هەردوو وشەی (سۆران و گۆران ) بە بەڵگەی قسەکانمان وەردەگرین (سۆر + ان = شوێنێک کە دیاردەو حاڵەتی ڕەنگی سووری زۆربێت )، (گۆر + ان = شوێنی خەڵکانی زەردەشتی پەیڕەو کە بە گەبر، گاور لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە دەناسرێن .) هاوکات یاسای داڕشتنی ناوی داڕێژراوی شوێن بەهۆی ئەم گیرەکەوە بریتییە لە:

ناو + /ـان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن.

سەروەران، شەهیدان، مامۆستایان، فەرمانبەران، ئەندازیاران، ئەنفالەکان [5]، ناوگردان، ناوشاخان، سەرکەپکان، پشتئاشان، بیابان، ناوپردان، یاخیان، حاجی ئۆمەران، پڵ نگان، زورکان، سێتاقان، دووڕیان، چوارڕیان، سێڕیان ...&

**/ـیان/:** یەکێکە لە پاشگرە سستەکانی سازکردنی ناوی شوێن لە زمانی کوردیدا، چونکە ژمارەیەکی کەم دەرکردەی هەیە و بەرهەمی ئەم پاشگرە تەنها چەند ناوێکی تایبەتی شوێنە، هەروەها لە ڕووی بناغەوە کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو) وەردەگرێت، بە پێی ئەم یاسایە:

ناو/ئاوەڵناو + /ـیان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن.

بازیان، گەرمیان، شێخ مەنسوریان، باپشتیان، ...&

**/ـەن/:** ئەم پاشگرەش یەکێکی ترە لە پاشگرە سست و بێبەرهەمەکانی ئێستای زمانی کوردی و تەنها لە چەند نموونەیەکدا بەرچاودەکەوێت، کە لە ئێستای زمانەکەدا هیچ بەرهەمێکی بەدیناکرێت . هەروەها دەچێتە سەر هەردوو کەتیگۆری ناو و ئاوەڵناو، لە ڕووی واتاشەوە دەرکردەکەی دەتوانین بە ئاوەڵناوئاسای لە قەڵەمبدەین، چونکە کاتێک وشەیەکی وەک: (پوشەن)، دەبینن جگە لە شوێنێک، کە پوشی لێیە، بەڵام تا ڕادەیەک وەسفیشی تیایە، کە مەبەست لێی شوێنێکە، کە پوشاوییە، یاخود پوشی زۆری لێیە . بۆیە گرنگترین سیماواتاییەکانی : (+شوێن، +زۆریی)یە.

١ـ ناو + /ـەن/ = ناوی داڕێژراوی شوێن: پوشەن، بەردەن، ...&

٢ـ ئاوەڵناو+ /ـەن/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

ڕەقەن، ڕووتەن، زەبەن، لێژەن، ..&

**/ـشەن/:** یەکێکی ترە، لە پاشگرە سستەکانی داڕێژی ناوی شوێن و تەنها لە وشەی (گوڵشەن)دا، دەتوانین نموونەی بۆ بهێنینەوە، واتە لە ئێستای زمانەکەدا دەتوانین بە پاشگرێکی مردوو لەقەڵەمی بدەین.

**/ـمان/:** ئەم پاشگرە، یەکێکی ترە لە پاشگرە زۆرناچالاک و سستەکانی ئەمڕۆی زما نی کوردی، کە دەربری چەمکی شوێنە.

کردار + /ـمان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

نیشتمان، ...&

---

[5] ناوی گەڕەکێکی تازەدروستکراوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، کەسوکاری ئەنفالەکانی سنوری شارۆچکەی چەمچەماڵی تیادەژێت.

**/ــایی/:** ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر هەردوو بنکەی ئاوەڵناو و ناو، بۆ دروستکردنی ناوی شوێن بەکاردێت . کە سیفەتی شوێنەکە دەکرێتە پێوەر بۆ ناونانەکە، وەکو ئاوەڵناوئاسا بەکاردێت . (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٧). هەروەها لە ڕووی سیمانتیکییەوە، سیماواتاییەکانی : (+ شوێن، +زۆریی)، دەبەخشێت، بۆ نموونە وشەی (سەوزایی)، ناوە بۆ شوێنێک، کە گژوگیای زۆری لێ بێت و ئەو گژوگیایە ئەوەندە هەبێت، کە توانیبێتی ڕەنگی زەوییەکە بشارێتەوە. کەواتە گرنگترین یاساکانی ڕۆنانی ناوی شوێن بەهۆی ئەم پاشگرەوە بریتین لە:

١ــ ناو + /ــایی/ = ناوی دارێژراوی شوێن

دۆڵایی، شاخایی، دەشتایی،...&

٢ــ ئاوەڵناو + /ــایی/ = ناوی دارێژراوی شوێن

نزمایی، قوڵایی، بەرزایی، سەوزایی، تەختایی، ...&

**/ــانی/:** ئەم پاشگرەش، تاڕادەیەک نزیکە لە پاشگری /ــایی/ و هەمان واتا دەبەخشێت و زۆرجار شوێنی یەکتریش دەگرنەوە، هاوکات دەچێتە سەر بناغەی (ئاوەڵناو)، هەروەها لەڕووی بەرهەمیشەوە پاشگرێکی سست و کەمبەرهەمە، هاوکات پێشمانوایە ئاڵوگۆڕ لە نێوان هەردوو پاشگری /ــایی، -انی/، پەیوەستە بە ئاخێوەر و توانای گونجاندنی هەرک امێکیان لەکاتی درکاندن و ئاسان بێژتن بۆ قسەکەر، چونکە جیاوازیی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو گیرەکەدا نابینرێت:

ئاوەڵناو + /ــانی/ = ناوی دارێژراوی شوێن

دەشتانی/دەشتایی، تەختانی/تەختایی

ڕەقانی، نەرمانی، زورگانی ...&

**/ــوو/:** ئەم پاشگرە لە دارشتنی ناوی شوێندا زۆر سست هو تەنها لەگەڵ چەند ناوێکی شوێندا دێت، کە ئاوەڵکردارئاسا ڕەفتار دەکەن، یاخود ناوی ئاوەڵکردارین و دەرکردەکەشیان ناوی شوێنی ئاراستە دەگەیەنێت . وەک:

ناوی ئاوەڵکرداری + /ــوو/ = ناوی دارێژراوی شوێن

سەروو، خواروو، ژوروو، ژێروو، ...&

**/ــەوانی/:** ئەم پاشگرە، کە تەنها لە ناوی دارێژراوی (چۆڵەوانی)دا، دەبینرێت، یەکێکی ترە لە گیرەکە دارێژە بێبەرهەم و سستەکانی ناوی شوێن، هاوکات لەگەڵ پاشگری /ــایی/دا، دەتوانین بڵێین هاوواتایە و دەتوانێت بە هەمان واتا لە بری بەکاربهێنرێت، وەک: (چۆڵەوانی / چۆڵایی).

**/ــەتی/:** ئەم گیرەکە، یەکێکە لەو گیرەکانەی، کە زیاد لە ئەرکێکی هەیە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە، کە دەچێتە سەر " ناو و دەیکات بە ناوی شوێن." (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٥٨)، واتە ئەمیش یەکێکە لە پاشگرە دارێژەکانی ناوی شوێن و ئەو بناغانەی، کە وەریشیدەگرێت، بریتین لە چەند بناغ هیەکی دیاریکراو، کە زیاتر دەربڕی شوێنی عەشیرەتێک، یاخود ناوچەی هۆزێک ناودەنێت و لە ڕووی بەرهەمیشەوە کەمبەرهەم و سستە.

ناو + /ــەتی/ = ناوی دارێژراوی شوێن

جافەتی، بەرانەتی، خۆشناوەتی، زرارەتی، ....&.

**/ــایەتی/:** ئەم پاشگرەش، بە هەمان شێوەی پاشگری /ــەتی/، جگە لەوەی، کە ئەرکی تریشی هەیە، بەڵام لە نموونەکانی: (مەنگوڕایەتی، شینکایەتی)، دەربڕی چەمکی شوێنە و هەمان تایبەتمەندیی پاشگری /ــەتی/، هەیە، بەڵام لە هەموو نموونەکاندا ناتوانین لە بری یەکتر بەکاریان بهێنین. وەک:

جافەتی/ جافایەتی

بەرانەتی / بەرانایەتی*

مەنگوڕایەتی / مەنگوڕەتی*

**/ــار/:** گیرەکێکی ناچالاکە، لە دروستکردنی ناوی شوێندا، لەگەڵ چەند نموونەیەکدا دەبینرێت و ناوی شوێنی گشتی دروستدەکات. کە زیاتر بەشێک لە شوێنێک ناودەنێت . (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٧)، بۆنموونە وەک: (کەنار، لێوار، بنار،...&)

خشتەی ژمارە (١) ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە داڕێژەکانی ناوی شوێن، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٢١٩) وشە.

| ژ | گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|---|
| ١ | /ــگە، گا/ | ٥٠ | %٢٢.٨٣ |
| ٢ | /ــخانە/ | ٣٨ | %١٧.٣٥ |
| ٣ | /ــستان/ | ٢١ | %٩.٥٨ |
| ٤ | /ــان/ | ٢٠ | %٩.١٣ |
| ٥ | /ــدان/ | ١٥ | %٦.٨٤ |
| ٦ | /ــاوا/ | ١٤ | %٦.٣٩ |
| ٧ | /ــەڵان، ەلان/ | ١١ | %٥.٠٢ |
| ٨ | /ــایی/ | ٨ | %٣.٦٥ |
| ٩ | /ــەن/ | ٦ | %٢.٧٣ |
| ١٠ | /ــانی/ | ٥ | %٢.٢٨ |
| ١١ | /ــزار/ | ٤ | %١.٨٢ |
| ١٢ | /ــیان/ | ٤ | %١.٨٢ |
| ١٣ | /ــەتی/ | ٤ | %١.٨٢ |
| ١٤ | /ــوو/ | ٤ | %١.٨٢ |
| ١٥ | /ــجاڕ/ | ٣ | %١.٣٦ |
| ١٦ | /ــەوار/ | ٣ | %١.٣٦ |
| ١٧ | /ــدێن، دین/ | ٣ | %١.٣٦ |
| ١٨ | /ــار/ | ٣ | %١.٣٦ |
| ١٩ | /ــایەتی/ | ٢ | %٠.٩١ |
| ٢٠ | /ــشەن/ | ١ | %٠.٤٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | /ـمان/ | ١ | %٠.٤٥ |
| ٢٢ | /ـەوانی/ | ١ | %٠.٤٥ |

**٢/٢ پۆلی پاشگرە دارێژەکانی ناوی خاوەن پیشە:**

چەپکێک مۆرفیمن، لە زمانی کوردیدا ڕۆڵیان لە زەنگینکردنی گەنجی وشەکانی زمان و پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەری کوردزماندا هەیە . هاوکات ئەم پۆلە لە مۆرفێمی بەند دەتوانن لە ڕووی کەتیگۆرییەوە بناغەی جیاواز هەڵبیژێرن و وشەی نوێ دابڕێژن . " بە زۆریش یارمەتی دارشتنی ناوێک دەدەن، کە پیشە و ئیشی یەکێکی پێ دیاری بکەن ." (ئەورەحمانی حاجی مارف : ٢٠١٤: ٦٩). واتە ئەم گروپە مۆرفیمە لە ڕووی واتاییەوە سیمای سەرەکییان (+پیشە)یە، بەڵام لە جۆری پیشەکان و هەڵبژاردنی بناغەکاندا جۆرێک لە ئازادییان هەیە. ئەمە جگە لەوەی. کە جاری واشە ئاڵوگۆڕ لە نێوان مۆرفیمەکانی یەک بناغەشدا ڕوودەدات، وەک (یاریکەر / یاریچی)، (پینەدۆز / پینەچی)، واتە لەم شوێنانەدا وەک سینۆنیمی یەکتر مامەڵە دەکەن . هەروەها لەڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە دەتوانین پلەکانی (بەرهەمدار، ناوەندەبەرهەم، کەمبەرهەم)یان بۆ دیاریبکەین.

**/-کەر/:** ئەم مۆرفیمە لە بنەڕەتدا دەتوانین بڵێین مۆرفیمێکی ناسادەیە و لە دووبەش پێکهاتووە: (ڕەگی کرداری (کردن) + پاشگری /-ەر/، واتە (کە + /-ەر/ = کەر)،دیارە ئەمیش بە تیاچوونی یەکێک لە دوو دەنگە بزوێنە کورتەکەی [ە]، بەڵام لە ئێستادا وەک یەک مۆرفیم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و یەکێکە لە گیرەکە دێرینەکانی دارێژی ناوی خاوەنپیشە، هەروەها لەڕووی چالاکیی و بەرهەمەوە دەتوانین بڵێین " یەکێکە لە گیرەکە چالاک و بە تواناکانی ناوی پیشە، چونکە دەتوانێت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەدا دەربکەوێت ." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١١٠). بەڵام لە ئێستای زمانی کوردیدا بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە، کە ئەمەش لە کۆندا دەشێ بەرهەمی زیاتر بووبێت، دیارە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی ئەوەی، کە بەرهەمی سنوردداربوە، پەیوەندی بە لایەنی سیمانتیکی و تابووی گیرەکەکەوە هەیە، چونکە هاوبێژە لەگەڵ وشەی (کەر/گوێدرێژ)دا، بۆیە زۆرجار قسەکەر هەوڵدەدات تا یاساکانی زمان ڕێگەی پێبدەن ئەو وشەیەی، کە بەم گیرەکە ڕۆنراوە ب یگۆڕێت بە وشەیەکی هاوواتای وەک وشەکانی: (نوێژکەر: نوێژخوێن، کارەکەر: خزمەتکار، یاریکەر:یاریزان، قسەکەر: ئاخێوەر، ...&).

ناو + /-کەر/ = ناوی دارێژراوی خاوەن پیشە

دارکەر، یاریکەر، ڕاوکەر، نانکەر، سواڵکەر، سەماکەر، قسەکەر، ...&

**/-گەر/:** ئەم پاشگرە زۆر چالاک ن ییە، تەنیا دەچێتە سەر (ناو)و واتای پیشە ڕادەگەیەنێت . (ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠١٣)، هاوکات پاشگری /-گەر/، بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتادا لەگەڵ ناوی چەند کانزایەکدا هاتووە و ناوی خاوەنپیشەی گەیاندووە، بەڵام لە ئێستاداو بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ بناغەی چەند ناوێکی تر دا بەکاردەهێنرێت، کە ناوی کانزا نین، بۆ نموونە وەک: (جادوگەر، ڕۆژنامەگەر).

١- ناو + /-گەر/ = ناوی دارێژراو

مسگەر، ئاسنگەر، زەڕەنگەر، جادوگەر، ڕۆژنامەگەر، ...&

هاوکات پاشگری **/-گەر/** لەگەڵ بناغەی چەند ئاوەڵناو و ناوێکدا، بە یارمەتی پاشگری **/-ی/**، دارێژی ناوی ئەبستراکتی و لە فۆرمی **/-گەری/**دا پێکەوە دەچنەسەر چەند بناغەیەک و ناوی واتایی ڕۆدەنێت، کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە ناوی ئەبستراکتیی ڕووت، یان ناوی ئەبستراکتیی پیشەیە. وەک:

ڕۆژنامەگەری، تازەگەری، نوێگەری، سۆفیگەری، ناوچەگەری، خێڵگەری،...&

**/-کار/:** یەکێکە لە فۆرمە چالاکەکانی دارێژی ناوی خاوەنپیشە لە ئێستای زمانی کوردیدا و لە بنەڕەتدا بە هەردوو فۆرمی سەربەخۆ و گیرەک لە ئێستای زمانەکەدا لەکاردایە، بۆ نموونە بە شێوەی فۆرمی سەربەخۆ، وەک وشەیەکی ئاسایی لە نموونەی : (کارکردن، کارنامە، کاربەجێ، کارگوزار، کارخاس، کارگە، کار خانە، کارمەند، ...&)، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەک گیرەک بەرهەم و دەرکردەی زیاتری بۆ فەرهەنگی زمان دەبێت، چونکە یەکێکە لەو کەرەسانەی، کە دەتوانین وەک گیرەک زیاتر سوودی لێوەربگرین و لەگەڵ بناغەی دەیان وشەی جیاوازدا ناوی خاوەنپیشەی پێڕۆبنێن، کەواتە ئەم گیرە          کە، یەکێکە لەو پاشگرانەی، کە بەکارهێنانی مەودایەکی فراوانی هەیە و پیشە و کاری کەسێک، یان شتێک دەردەخات         .  هاوکات لەگەڵ بناغەی جیاوازدا دەتوانێت لەکاردابێت. بۆ نموونە وەک:

١- ناو + /-کار/ = ناوی خاوەنپیشە.

کرێکار، داواکار، ستەمکار، سەرکار، شوێنکار، بریکار، خز      مەتکار، شەوکار، تەماعکار، کاسبکار، پێشکەشکار، شانۆکار، نمایشکار، ...&

٢- ئاوەڵناو + /-کار/ = ناوی دارێژراو

جوانکار، نوێکار، ...&

٣- کردار + /-کار/ = ناوی دارێژراو، وەک: (خوێندکار، ...&).

هەروەها لەگەڵ پاشگری */-ی/ی* دارێژی ناوی ئەبستراکتییدا، لە فۆرمی */-کاری/*دا، بەشێوەیەکی فراوان ناوی ئەبستراکتی پیشە ڕۆدەنێت لە نموونەی :

(گەچکاری، سپیکاری، ستەمکاری، داواکاری، خزمەتکاری، کرێکاری، هاوکاری،...&)

**/-ساز/:** یەکێکی ترە لە مۆرفیمە دارێژەکانی ناوی خاوەنپیشە، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە، بەرهەمدار نییە و تا ڕادەیەک پاشگر ێکی سستە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا، هەرچەندە لە ئێستای زمانی کوردیشدا بەهۆی ئەم گیرەکەوە توانراوە لە بواری زاراوەسازییدا سوودیلێوەربگیرێت و چەند زاراوەیەکی پێدابرێژرێت، بەڵام لە ڕاستیدا بەرهەمی هەر کەموسنووردارە، هەروەها لەگەڵ پاشگری دارێژی */-ی/ی* ناوی ئەبستراکتیدا لە چەند زاراوەیەکی زمانەوانیدا دەبینرێت لە شێوەی پاشگری      /-سازی/دا، وەک : ( دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی، واتاسازیی، ..&)، " بەڵام ناتوانین بڵێین وشەساز یان ڕستەساز، چونکە کەسی پسپۆڕ لەو بوارەدا خۆی یاساکان دروستناکات، تەنها لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا دەکات  و پسپۆڕە تیایدا ." (نەرمین عومەر: ٢٠١٠: ٣٥).

١- ناو + / -ساز/ = ناوی دارێژراو : چەخماخساز، فلیمساز، دەرمانساز، ددانساز، زاراوەساز، ڕەخنەساز،...& (جەمال عەبدول: ٢٠٠٨: ٨٢).

**/-چی/:** یەکێکە لە مۆرفیمە چالاک و بەرهەمدارەکانی ناوی خاوەن پیشە لە ئێستای زمانەکەدا، هە   رچەندە بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان، کە " پاشگرێکی تورکییەو دەربازی زمانی کوردی بووە ." ( فازڵ عومەر :

٢٠٠٥: ٦٥). هاوکات پاشگری /-چی/ لە ڕووی سیمانتیکییەوە زیاتر هەڵگری سیماکانی (+پیشە، +بەردەوامی)یە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتیش بناغەی ئەم پاشگرە، لە کەتیگۆری ناوە. وەک:

١- ناو + /-چی/ = ناوی داڕێژراو

فیتەچی، قومارچی، کەڵەکچی، کلاوچی، ساختەچی، قوڵچی، ئاژاوەچی، ماستاوچی، پینەچی، بۆیاخچی، توتنچی، سەعاتچی، بۆڕیچی، پەنچەرچی، خانچی، چایچی، کوشنچی، جامچی، تەنەکەچی، لەحیمچی،کارەباچی، شووشەچی، جاڕچی.[6]

**/-ەوان، - وان/:** یەکێکە لە مۆرفیمە بە تواناکانی داڕشتنی ناوی پیشە، بەزۆری دەچێتە سەر ناو، بەڵام جیاوازی لە سیمای لاوەکیدا هەیە، کە بە زۆری سیمای {+پیشە}، {+پارێزگاری} تێدایە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکجاریش سیمای {+ئەزموون و شارەزایی} هەڵدەگرێت. " (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١١٢)، هاوکات ئەم مۆرفیمە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بناغەی ئەو وشانەدا دێت، کە لەبواری ئاژەڵداری و پیشەی کشتوکاڵیدا لەکاردایە. ئەمە جگە لەوەی، کە لەم سەردەمەی زمانەکەماندا بۆ داڕشتنی چەند زاراوەیەک لە بواری جیاوازدا سوودیلێبینراوە . هەروەها جاری واشە بەهۆی فاکتەری فۆنۆلۆژییە وە فۆڕمەکەی لە /-ەوان/ەوە دەگۆڕێ بۆ /-وان/، کە دەبێتە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمە سەرەکییەکە. وەک:

١- ناو + /-ەوان، وان/ = ناوی داڕێژراو

فرۆکەوان، کەشتییەوان، باخەوان، شاخەوان، زمانەوان، کارەوان، گاوان، بەرغەلەوان، باژێروان، پاسەوان، دەرگاوان، دەریاوان، مەلەوان، گۆلکەوان، پاکەوان، هەنگەوان، دارەوان، قازەوان، ڕەزەوان، توتنەوان، ...&

**/-دار/:** یەکێکە لە گیرەکە سست و ناچالاکەکانی داڕێژی ناوی پیشە لە زمانی کوردیدا، بەڵام لە داڕشتنی (ئاوەڵناوی بکەری)دا بە توانایە و هەڵگری واتای (خاوەنێتی و هەبوون)ە.

ناو + /-دار/ = ناوی داڕێژراو: دوکاندار، مەڕدار، ئاژەڵدار، چەکدار، ...&

**/-باز/:** ئەم پاشگرە لە داڕشتنی ناوی خاوەن پیشەدا سستە و بەرهەمێکی کەمی هەیە، ئەمە جگە لەوەی، کە ئەرک و ڕۆڵی تریشی هەیە بۆ نموونە وەک داڕشتنی ئاوەڵناو (فێڵباز)، هەروەها بناغەی ئەم پاشگرە بریتییە لە ناو، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە.

ناو + /-باز/ = ناوی خاوەنپیشە

جامباز، سەرباز، کۆترباز، مێباز، نێرباز، هەتیوباز،[7]...&

**/-بەند/:** یەکێکی ترە لە پاشگرە سست و ناچالاکەکانی داڕێژی ناوی خاوەنپیشە، هاوکات وەک هاوبێژ دەچێتە سەر بناغەی جیاواز و ئەرک و واتای جیاوازی هەیە.

---

[6] پێویستە خوێنەر ئەوەی لاڕوون بێت، کە ئێمە تێبینی ئەوەمان کردووە، کە وشەکانی وەک : (ساختەچی، کلاوچی، ماستاوچی، کەڵەکچی، قومارچی، ...&) ئەمانە پیشەیەکی دیاریکراو و بەرجەستەی مرۆڤ نین، بەڵام لە ڕاستیدا خووپێوەگر تنی و ئەوەندە دووبارەکردنەوەی بۆ خاوەنەکەی دەبێتە جۆرێک لە پیشە و وەک سیفەتێکی لێدێت بۆ هەڵگری ئەم کاروکردەوانە.

[7] لە بنەڕەتدا وشەکانی : ( مێباز، هەتیوباز، نێرباز )، ئەمانە پیشە نین، بەڵکو هەڵسوکەوت و خویەکی کۆمەڵایەتین، بەڵام بە بەردەوامیەتێیدان و دووبارەکر دنەوەی لەلایەن بکەرەکەیەوە، ئەوا بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک خویەکی دووبارە، کۆمەڵ بە پیشەی ئەو مرۆڤەی دەناسێنێت . ئەمەش هەمان تایبەتمەندیی پاشگری /-چی/ هەیە لە وشەکانی (ماستاوچی، قومارچی، ...)دا.

هەر لەم ڕووەوە (سەباح ڕەشید)، ئەم پاشگرەی بۆ چەند هاوبێژێک جیاکردووەتەوە. (٢٠٠٠: ٧٨):
١- دەچێتە سەرناو، پیشە لەو ناوە دروستدەکات. ناڵ + /-بەند/ = ناڵبەند.
٢- دەچێتە سەر ناو داپۆشینی ئەو شوێنە دەگەیەنێ، وەک: ڕوو + /-بەند/ = ڕووبەند. (ڕووپۆش).
٣- دەچێتە سەرناو بەستنی ئەو شوێنە دەگەیەنێ، وەک: کەمەر + /-بەند/ = کەمەربەند (کەمەربەست).

خشتەی ژمارە (٢) ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە داڕێژەکانی ناوی خاوەنپیشە، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٨٨) وشە.

| ژ | گیرەک | ژ.نموونەی بەشداربوو | ڕێژەی چالاکیی و سستیی |
|---|---|---|---|
| ١ | /-چی/ | ٢٣ | %٢٦.١٣ |
| ٢ | /-ەوان، -وان/ | ٢٠ | %٢٢.٧٢ |
| ٣ | /-کار/ | ١٦ | %١٨.١٨ |
| ٤ | /-کەر/ | ٧ | %٧.٩٥ |
| ٥ | /-ساز/ | ٦ | %٦.٨١ |
| ٦ | /-باز/ | ٦ | %٦.٨١ |
| ٧ | /-گەر/ | ٥ | %٥.٦٨ |
| ٨ | /-دار/ | ٤ | %٤.٥٤ |
| ٩ | /-بەند/ | ١ | %١.١٣ |

**ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گرنگترین ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا پوختدەکەینەوە:

١- مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکانی داڕێژی ناوی شوێن، جێگەیەکی دیاروگرنگیان لەناو پۆلی گیرەکەکانی داڕێژی کەتیگۆری ناودا هەیە، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ دەرکردەکانیان پەیوەستە بەشوێنی مانەوەو پاراستن و ژیانی مرۆڤەکانەوە.

٢- لە ڕووی چالاکیی و توانای ڕۆنان و داڕشتنی وشەی نوێوە، بۆ فەرهەنگی زمان، هەردوو پۆلە مۆرفیمی (ناوی شوێن و ناوی خاوەنپیشە)، لەبەر کۆمەڵێک فاکتەر بە یەک وەتیرەو بە یەک ئاڕاستە تواناو بەرهەمیان نییەو زۆری بەکارهێنان و فرەجاری و دووبارەبوونەوەیان لەگەڵ زۆرترین بناغەدا سەنگی مەحەکیی هەر مۆرفیمێکیانە لە داڕشتنی داتای نوێی زمانیدا.

٣- مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکانی داڕێژی ناوی پیشە، وەک ئەبزارێکی گرنگ بە دەست ئاخێوەری کوردزمانەوە، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە داڕشتن و ڕۆنانی ناوی ئەو پیشە جیاوازانەی کە پیشەوەران و کاسبکارانی کورد ویستویانە ناو لە پیشەکانیان بنێن و جیایان بکەنەوە.

٤- پاشگرە داڕێژەکانی پۆلەرەگەزی ناو بەشێوەیەکی گشتیی ، کەرەستەی زمانیی بە پێزو چالاکن لە هەڵگواستن و داڕشتن و بەرهەمهێنانی ناوی نوێدا، بۆ فەرهەنگی زمانی کوردیی ، لەمڕووەشەوە هەردوو پۆلە مۆرفیمی دەربڕی (چەمکی شوێن و چەمکی پیشە) لە ڕیزی پێشەوەی مۆرفیمە بەندە دیارەکانی داڕێژی کەتیگۆری ناودان.

٥- چالاکیی و سستیی مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژ (گیرەک)ێک، بەندو پەیوەستە بە ڕێژەی پێزو بەرهەم و توانای داڕشتنی لە بەرهەمهێنان و هەڵگواستنی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان و تواناو لەبارێتی بۆ خستنەبەردەستی کەرەستەی پێویست بۆ ئاخێوەرەکانیی . هەر لەمڕووشەوەیە، کە دیاریکردنی چالاکیی و سستیی هەریەک لە مۆرفیمە بەندەکانی چەمکی شوێن و چەمکی پیشە پەیوەستە بەڕێژەی بەکارهێنان و بەشداریکردنیان لەگەڵ زۆرترین بناغەی جیاوازدا.

٦- پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، لەسەر بنەمای دەرکردەکانیان هەریەکەیان گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە پرۆسەی وشەداڕشتن دەرکردەو بەرهەمەکەی فەرهەنگییەو دەبێتە هۆی زەنگینکردنی گەنجی وشەی زمان، واتە مرۆڤ کاتێک پێویستی بەم پرۆسەیەیان دەبێت، کە بیەوێت ناو لە دیاردەو شتی نوێ بنێت، هاوکات پرۆسەی فۆڕمە-وشە دروستکردن یەکێکی ترە لە پرۆسە دیارو گرنگەکانی زمان و مرۆڤ بۆ دەربڕینی حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانی پێویستی پێ دەبێت و مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ئەم پرۆسە گرنگە ببێت، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە لایەنی ڕێزمانێتیی و سیمانتیکیی دەربڕاو و فرێزو ڕستەکانی زمانەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**


١- ئەورەحمانی حاجی مارف : (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی – (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا.

٢- ________ : (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی – بەشی پێنجەم (کردار)، چاپی دووەم، هەولێر.

٣- ئالفرینکۆ: (٢٠١٢)، تیۆری زمان، پێنجەم چاپ، مۆسکۆ.

٤- جەمال عەبدول: (٢٠٠٨)، بەرکوڵێکی زاراوەسازیی کوردی، دووەم چاپ، کوردستان - هەولێر.

٥- هدسن: (٢٠٠٨)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی ، و : هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی – دهۆک.

٦- سەباح ڕەشید قادر: (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەوا تایی لە (گیرەک)دا، ماستەر، ک . زمان – زانکۆی سلێمانی.

٧- ح.س.سۆران: (٢٠٠٩)، زمان، وێژەو فۆلکلۆری کوردی، چاپەمەنی ئێلیکترۆنیک.

8- Lieber, (2009), Introducing Morphology, first published , Cambridge University press, New York.

٩- محەمەدی مەحوی: (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم – سلێمانی.

١٠- محەمەد مەعروف فەتاح: (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر.

١١- محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون.

١٢- نەرمین عومەر : (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا ، ماستەر، ک . زمان – زانکۆی سلێمانی.

١٣- فاروق عومەر سدیق: (٢٠١٥)، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

١٤- فازڵ عومەر: (٢٠٠٥)، گیرەکێن زمانێ کوردی، چاپی ئێکەم، چاپخانا وەزارەتا پەروەردەێ - هەولێر.

١٥- فاتیمه سادات تالاری: (١٣٩٣)، ساخت زبان فارسی، گرداوردی وتنظیم (سابی زا – دانشگاه مفید.

١٦- ڕۆژان نوری عبدالله: (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم. چوارچرا.

١٧- ڕەفیق شوانی : ( ٢٠١٢)، دیاریکردنی گیرەکی وشەسازی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری (الاستاذ)ی کۆلێژی پەروەردەی ابن رشد، ژمارە (٢٠٢)، زانکۆی بەغدا.

١٨- شیروان حوسێن حمد : ( ٢٠١٤)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و راپەراندنی ئەرکی سینتاکیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان – زانکۆی سلێمانی.

١٩- شحده فارغ و أخرون: (٢٠٠٦)، مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثالثة، دار وائل للنشر، عمان – الاردن.